Journal UOR E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

# ئاكار و بەها كۆمەڵايەتييەكان لە دەقی شيعری (قانيع و دڵی)دا

**ئارام محمد قادر**

وەزيری خوێندنی باڵاو توێژينەوەی زانستی، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژينەوەيە لەژێر ناونيشانی "ئاكار و بەها كۆمەڵايەتييەكان لە دەقی شيعريی (قانيع و دڵی)دا" كە تيايدا دەقە شيعرييەكەمان كردوە بە چەقی لێكۆڵينەوەكە و كۆمەڵێك ئاكار و بەهای كۆمەڵايەتيشمان لە ناوەڕۆكی دەقە شيعرييەكە هەڵێنجاون، بە ديدوبۆچونی زانايانی كۆمەڵناس و دەقە ئاينييەكانمان بەراورد كردون. ناوەڕۆكی ئەم توێژينەوە كار لەسەر تۆخكردنەوەی ئاكار و بەها كۆمەڵايەتييەكان دەكات. لە دو بەش پێكدێت، بەمشێوەيە: بەشی يەكەم پێكهاتوە لە پوختەيەك دەربارەی قانيع و شيعرەكانی، كە پوختەيەك لەژيانی شاعير و ڕونكردنەوەيەكی وردی شيعرەكە لەخۆدەگرێت. بەشی دوەم چەند تەوەرەيەك دەگرێتە خۆی لەژێر ناونيشانی ئاكار و بەها كۆمەڵايەتييەكان لە شيعری قانيع و دڵيدا، كە هەريەكە لە (كۆمەڵايەتيبونی مرۆڤ، هەستی نەتەوايەتی، گيانی هاريكاری و هاوئاهەنگی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا، ئاكاری بەجێهێنانی پەيوەندی خزمايەتی، ئاكاری بەرپرساريەتی، هاوسەنگی كۆمەڵايەتی، خاكيبون و سادەيی مرۆڤ، خودپەرستی، فەلسەفەی ئامراز و ئامانج) دەخاتە بەر باس و لێكۆڵينەوە، و لە كۆتايشدا گەيشتوينە ئەو ئەنجامەی، كە كلتور و ئەدەبی كوردی پڕيەتی لە جوانی، دەشكرێت لە زۆر لايەن و گۆشەی جياوازەوە لێكۆڵينەوەی لەبارەوە بكرێت. گشت ئەو سەرچاوانەش كە سوديان لێبينراوە خراونەتە بەردەست.

## كليلە وشەكان:

كۆمەڵايەتيبونی مرۆڤ، هاوسەنگی كۆمەڵايەتی، خاكيبون و سادەيی، هەستی نەتەوايەتی، هزری شيعريەت، پارەپارەبون.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper1

**Received:** 23-January-2022

**Accepted:** 7-February-2022

**Published:** 29-March-2022

**Corresponding Author's E-mail:**
dr.aram.qadr@gmail.com

**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

بەهۆی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی، ئاسان نەبو دەقێکی دیاریکراو هەڵبژێرم، چونکە ناوەڕۆکی شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد لەم ئاکار و بەها باڵایانە پێکدێن؛ کەم شاعیری کورد هەیە، لەسەر ئاکار و ڕەوشتبەرزی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی نەنوسیبێت! زۆرن؛ ئەوانەی لەم بوارەدا خاوەن هۆنراوە و شیعر و شاکاری گەورەن، بەڵام دواجار لەسەر دەقی شیعری (قانیع و دڵی)ی گیرسامەوە و بڕیارمدا شیکارێکی وەسفی ئاکاری کۆمەڵناسی بۆ شیعرەکە بکەم و بیبەستمەوە بە پیشە و بەرنامەی کارەکەم، لەژێر ناونیشانی **(ئاکار و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە دەقی شیعریی "قانیع و دڵی"دا)**. یەکێک لە ئاریشە هەرە دیارەکانی بەردەم هەر توێژەرێک، دیاریکردنی ناونیشانی توێژینەوەکەیەتی، بۆ ئەم مەبەستەش هەر توێژەرێک پێڕەوی لە ڕێبازێکی دیاریکراو دەکات؛ هەندێکیان پرس و ڕاوێژ بەهاوپیشەکانیان دەکەن، هەندێکی تر لەڕێگەی گەڕان و پشکنینی پەرتوکخانە ئەلیکترۆنی و کلاسیکییەکان هەوڵدەدەن؛ ناونیشانی توێژینەوەکانیان دیاریبکەن، هەندێک جاریش بارودۆخ و هەلومەرجێکی لەناکاو و کتوپڕ دەبێتە ژانی لەدایکبونی بیرۆکەیەکی ناوازە و داهێنەر، بەدڵنیاییەوە ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی بەرهەم و زادەی هەلومەرج و گرفتێکی دیاریکراون، بەپێزترو نایابتر دەردەچن لەوانەی بەڕێکەوت، یان بە پرس و ڕاوێژ توێژەر ئەنجامیان دەدات.

دەمەوێت بڵێم: لەپاڵ ئەرک و پێگە کارگێڕیەکەشم و سەرقاڵیم بە ڕاپەراندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەز و خولیام بۆ پیشەی مامۆستایەتی کەمی نەکردوە، هەروەک ئاشکراشە؛ هەمو مرۆڤێک لە ژیاندا دەکرێت؛ چەند پێگە و پایەیەکی جیاوازی هەبێت، بەڵام لەگەڵ سەلماندنی گریمانەی هەبونی کاریگەری پێگەیەک بەسەر پێگە و پایەیەکی تر، هەر پێگەیەکیش ڕۆڵێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکی پێگەیەکی تر تێکەڵاو نەکرێت، یەکێک لە ئەرکەکانی مامۆستای سەرکەوتوش؛ ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییە، نایشارمەوە سروشتی کاری وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەرقاڵی زۆرم بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی وەزیر، ماوەیەکە لە توێژینەوە و بەدواداچونی ئەدەبی دایبڕیوم، کە حەز و خولیای کەسیمە و پڕبەدڵ حەزدەکەم؛ چەند کاتژمێر و ڕۆژێک تەرخان بکەم بۆ لێکۆڵینەوە، تەنها لە دەقێکی ئەدەبی گەلەکەم و مانا و دیوەشاراوە و پەرپیوار و نادیارەکانی پشت دەقەکە بەیان بکەم، لێرەوە دەمەوێت بچمە سەر کرۆکی بابەتەکە و هۆکارەکانی پشت لەدایکبونی ناونیشانی ئەم توێژینەوە بخەمەڕو، مەبەستیشمە ناوەڕۆکی شیعری (سەودای سەر)ی ناری بکەمە دەروازەی باسەکەم، کە دەڵێت:

**سەدای سەمتوورە کەللەم گەرمە ئەمشەو**
**چریکەی بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو**
**بە ناخون کاری فەرهاد دێ لە دەستم**
**وەها شاهۆ لە ناڵەم گەرمە ئەمشەو** ناری

منیش کوردی ئاســـا خەیاڵ و ویژدان و زهنییەت و ئەندێشــــەم پەرش و بڵاون و تەواو کەوتومە ژێر کاریگەری هەســت و نەســتەکانم و گەڕاومەتەوە ســەر ڕێچکەی ئەدەبی جارانم، هەمو ئەمانەش بە زمانی حاڵ پێمدەڵێن، کە بەرپرســـیارێتی ئەرک و خزمەتکردن و شـــەونخونی کەســـی بەرپرســـە نەک پاداشـــتکردن و خۆدەوڵەمەندکردن و ئاســـودەیی و پاڵدانەوە! زیاتر دەخزێمە نێو باســـەکەم و نایشـــارمەوە، کە لە وەرزی خوێندنی پاییزەی ئەمساڵ؛ تەواوی هەست و نەستەکانم کەوتنە ژێر کاریگەری بارودۆخ و هەلومەرجی کچ و کوڕەکانمان لە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، ئازارەکانیان و ناهەمواری باری ژیانیان تاســـاندمیان و ئەسرینی قەتیسماویان لەچاودا باراندم، ئاهونزولەی دایک و باوکی خۆشیلەخۆنەدیویان ئاگری بەردایە گیانم و ڕاگیراوتری کردم، لەسەر بەرنامە و دیدی کەسی و خانەوادەکەم، لەسەر خزمەتکردن و قوڵکردنەوەی گیانی یـارمەتی و هـاوئـاهەنگی و بەدەمەوەچونی لێقەومـاوان، ســـەربـاری داکۆکییە بەردەوامەکـانم لەســـەر دەســـتەبەرکردنی داوا و داخوازی هەمو خوێندکارێکی وڵاتەکەم، بەڵام کاتێک بینیم؛ بەشـێک لە ڕۆڵەکانمان بۆ ســـادەترین مافی ژیانیان ڕژانە ســـەر شـــەقامەکان، زنجیرەیەک یادەوەری ئەدەبی و ڕاســـپاردەی خێزانی ڕایانچڵەکاندم؛ مەحوی ئاسا لەبەرخۆمەوە دەمگوت:

**سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆ چییە!**

**دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چـــییە!** مەحوی

پۆســـت و پایە و کار و بەرپرســـاریەتیش ئەگەر خزمەتی خەڵک و هاووڵاتیان و هاونیشـــتیمانیانی پێنەکرێت، نەبونی باشتر و ڕاحەتترە! بەدید و تێڕوانینی بەندە؛ پۆست و پایە و هەمو ئەو ناو و ناونیشـانانەی مرۆڤ دڵی پێیانخۆشە؛ ئەگەر نەبنە هۆی لابردنی ناهەمواری و سـەختی مرۆڤێک و سـوککردنی باری قورسـی سەرشانی مرۆڤێکی چەماوە و بێهێز و دەرەتان، هیچ بەهایێکیان نییە! هەر لەم سەروبەندە و گفتوگۆیەی نێوان دڵ و ئاوەزم؛ ڕاســپاردە و ئامۆژگاری برا و مامۆســـتای ژیانم (کاک عەدنانی حەمەی مینا)م بیرکەوتەوە؛ کە لەســـەرەتای دەســـتبەکاربونم وەک وەزیری خوێندنی باڵا، پێیگوتم: کاکە گیان؛ جگە لە خزمەت و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشـــتی، هیچ شـــتێکی تر مەکە بەرنامە و کاری لەپێشـــینەی ئەرکەکەت! هەر لەم میانەدا نامەی باوکێکم بیرکەوتەوە، کە لەکاتی وەرگرتنی ئەرک و بەرپرساریەتی ئاراستەی کوڕەکەی دەکات؛ "تاهیری کوڕی حوســـێن" کاتێک "عبدالله"ی کوڕی لەلایەن "مەئمون" دەکرێتە بەرپرســـی "ناوچەی ڕەققە" لەنامەیەکدا چەند وەســـییەت و ڕاســـپاردەیەک ئاراســـتەی کوڕەکەی دەکات، نامەکە دور و درێژە و ســـەرتاپای ئامۆژگار و ڕاســـپاردەیە بۆ کوڕە بەرپرســـەکەی، کە لەپێناو خزمەت و بەرژەوەندی گشـتی و هاووڵاتیاندا تێبکۆشـێت و لەپێناو جێبەجێکردنی یاسا و بنەماکانی دادی کۆمەڵایەتیدا بجەنگێت و ئاگاداری ئەرکەکانی بێت، لە هیچ کات و ســـاتێکدا بێئاگا نەبێت لە باردۆخ و هەلومەرجی ژێردەســـتەکانی ، جێگای ئاماژەپێکردنە؛ کە لە زۆر لایەن و گۆشـــەنیگاوە دەتوانرێت ســـەیری ناوەڕۆکی نامەکە بکرێت، ئەفســـوس ڕێم نییە لەســـەر تەواوی نامەکە و لایەنەکانی بوەستم و شیکار و شرۆڤەیان بکەم، هیواخوازم خودای گەورە دەرفەتم پێبدات؛ لە ئایندەدا بتوانم؛ کارێکی تایبەتی زانستی لەسەر بکەم؛ هەمو ئەو یاد و یادەوەرییانەی کە باسمکردن؛ زادەی فرمێسکی دایک و

باوکی خوێندکارێک بون، کە بۆ ئایندەی ڕۆڵەکەیان هاتبونە سەر شەقام، خۆشبەختانە و سوپاس بۆ خوا، فەخری ئەوەمان پێبڕا، کە بەشێک لە داواکاری و داخوازی ڕۆڵەکانمان جێبەجێبکەین، هەر ئەو هەست ونەستەش بو، وایلێکردم؛ تەواوی ئەو بابەت و سەرنجانەی سەرەوە لە دوتوێی توێژینەوەیەکدا کۆبکەمەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارمدا دەقێکی شیعری کوردی هەڵبژێرم و شیکردنەوەیەکی وەسفی ئاکاری کۆمەڵایەتی لەبارەوە بکەم.

هۆکارەکانی پشت هەڵبژاردنی شیعری (قانیع و دڵی) وەک چەقی لێکۆڵینەوەکەم، لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەمەوە:

**یەکەم:** پەیوەندی ناوەڕۆکی شیعرەکە بەو دۆخ و هەلومەرجە تایبەتەی وڵاتەکەمان لە ئێستادا گوزەری پێدادەکات، خراپی باروگوزەرانی هاووڵاتیان و کاڵبونەوەی ئاکار و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هەوڵدان بۆ تۆخکردنەوەی گیانی هاوکاری و هاوئاهەنگی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هۆکارگەلێکی پشت هەڵبژاردنی دەقەکەبون.

**دوەم:** کەمی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر قانیع و شیعرەکانی، هۆکار و فاکتەرێکی کاریگەری پشت هەڵبژاردنەکە بو.

**سێیەم**: فرەلایەنی دەقی شیعرەکەش، چەسپاوتری کردم لەسەر هەڵبژاردنی دەقەکە، وەکو چەقی لێکۆڵینەوەکە. جێگای ئاماژەپێکردنە؛ کە قانیع لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەدا، لە کۆمەڵێک لایەن و گۆشەنیگاوە تیشک دەخاتە سەر بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاکارە بەرزەکانی مرۆڤایەتی، بەدڵنیاییەوە ئەگەر خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆجیش بۆ دەقەکە و خودی هۆنەر و ئەو هەلومەرجەش بکەین، کە دەقەکەی تێیدا نوسراوە، بێگومان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە شاعیر لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەدا بە هەستێکی ناسک و مرۆیی بەرز و تورەییەکی زۆر، لە ڕەفتاری نامرۆیی هەندێک بەناو ئادەمیزاد، ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە؛ بۆیە فرەلایەنی شیعرەکەی هۆکارێکی تری هەڵبژاردنەکەم بو. ماوەتەوە بپرسین؛ ئایا قانیع لە چ هەلومەرجێکدا ئەم شیعرەی نوسیوە؟
ئایا لە هۆنینەوەی دەقەکە و خستنەڕوی هەمو ئەو چەمکانەش، کە لە دەقەکەدا هاتون، قانیع بەچ فەلسەفە و پرۆگرامێک کاریگەربوە؟
ئایا کاڵبونەوەی ئەو ئاکار و بەهایانەی قانیع ئاماژەیان پێدەکات، چ کاریگەریەکی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و عیرفانییەتی کۆمەڵگا هەیە؟ هەمو ئەو پرسیارانە و چەندان پرسیاری تر لە دوتوێی ئەم توێژینەوەیە ساغ دەکەینەوە.

# بەشی یەکەم

## ١/ پوختەیەک دەربارەی قانیع و شیعرەکانی

### ١/١) پوختەیەکی کورت لە ژیاننامەی "قانیع"ی شاعیر

ناوی تەواوی، محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ سەعیدی دۆڵاشی مەریوانە، کە خۆی لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە ئەسڵا خەڵقی دۆڵاشم مەریوان شوێنی ئەجدادم**

**مـــــــحەمەد (کابلی)م ئەمما تەخەللوس قانیعم ناوە**

لە ١٥-٩-١٨٩٨ لە ئاوایی ڕێشێنی بناری شارەزور، دوای چواردە خوشک لە دایکبوە، هەروەها لە تەمەنی چل ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی کردوە، پێش پێگرتنیشـــی، دوای ئەوەی دایکیشـــی کۆچی دوایی دەکات، بەپێی دیدی بورهان قانیع مامەکانی ئەرکی بەخێوکردنی ناگرنە ئەســتۆ، بۆیە خزمێکیان بەناوی (ئاغا ســید حســێن) دەیباتە لای خۆی و دەینێرێتە بەر خوێندنی فەقێیەتی و دەچێتە حوجرە و بەپێی سیستەمی خوێندنی ئەوسا لە سوختەییەوە دەست بە خوێندن دەکات(بورهان قانیع ٢٠٠٥: ٣) جێگای باسە شاعیر لە قۆناغی لاوی و سەرەتای تەمەنیدا دەست بە نوسینی شیعر دەکات و زیاتریش لەشێوەی سەرزەنشت و تەنز، شیعرەکانی دەنوسێت، هەر ئەو قۆناغەش بە بناغەی شیعری شاعیر دادەنرێت و وردەوردەش توانای شیعری هەڵدەکشێت تا دەگاتە کۆتا قۆناغەکانی شیعرنوسین، جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە جۆر و شێوازی ژیانی، زۆر کاریگەری لەسەر دیدوبۆچونە شیعری و هزری و سیاسییەکانی شاعیر هەبوە، هەمو ئەمانەش وایانکردوە، کە ئاسۆی شیعری قانیع فراوان بێت و مەبەســـتە شـــیعرییەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاک بگرێتەوەو هەریەکە لە (هاریکاری و نەتەوایەتی و خۆشەویستی و ئایینی و وێناکردنی ژیانی نالەباری کۆمەڵ و گەلەک دیاردەی تر) بخاتەڕو. وەکو شـاعیرێک توانیویەتی هەمو ئەمانە وەکو کارێکی هونەری و ئەدەبی پڕ لە جوانکاری، بچڕێ و بیچرپێنێتە گوێی خوێنەر و گوێگرانی، ئەوەی جێگای بیرخستنەوەیە؛ شاعیر لایەنەکانی (کۆمیدی و گاڵتەوگەپ، تراژیدی) بایەخپێداوە، بەتایبەت گاڵتەکردن بە دەرەبەگ و چینی ســـتەمکار، هەر ئەمەش وایکرد، کە ببێتە خۆشـــەویســـتی خەڵک و ڕێزلێبگرن، بۆیە نازناوی شـــاعیری چەوســـاوەکانییان پێبەخشـــیوە، کە ئەمانەش نیشاندەری واقیعی ژیانی شاعیرن. (مارف خەزنەدار٢٠٠٦: ٤٣٧).

### ٢/١) ڕونکردنەوەیەک بۆ شیعری (قانیع و دڵی)ی:

شـــیعرەکە بریتییە لە (٢٧) دێڕ، کە بە کێشـــی پەنجەی خۆماڵی نوســـراوە، بەشـــێوەی (١٠) برگەیی، بە زمانێکی سادە کە هەموان تێیبگەن. ئەوەی جێی لێڕامانە؛ دوبارەبونەوەی دێڕێکە لەدوای هەندێک لە دێڕەکانی، واتە لە سەرتاپای شیعرەکەدا (٩) جار دوبارەبۆتەوە، کە دەڵێت:

**یاخوا ئەو دڵە هەر ئاوارە بێ**

**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

**یەکەم**: ئەمەش تورەیی شاعیر دەسەلمێنێت لەو دیاردە و ڕەفتارە دزێوانەی باسییان دەکات و توک و دوعایان لێدەکات.

**دوەم**: تەواوی شیعرەکە بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار نوسراوە، کە هەمو مرۆڤێک بە ئاستی وشیاری جیاوازەوە لێیتێدەگات، بەشێوەیەک نوسراوە، کە کەم وشەی تێدایە کە پێویستی بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەبێت.

**سێیەم**: فرەلایەن و هەمەچەشنەو لە گۆشەنیگا و لایەنی جیاوازەوە سەیری کۆمەڵگا دەکات.

**چوارەم**: شاعیر لە هۆنینەوەی ئەم شیعرە کاریگەر بوە بە سەرچاوە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، وەکو پاشخان و ڕۆشنبیری ئایینی و فکر و هزری شعرییەت.

**پێنجەم**: بەشێکی ئەو ئاکار و بەها کۆمەلایەتییانەی کە شاعیر باسییان دەکات، یاخود ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی بەدزێویان دادەنێ، لەچەند بەیتێکی جیاوازدا دوبارەدەبنەوە، ئەمەش لەڕوی سایکۆلۆجییەوە نیشانەو بەڵگەیە بۆ هەڵچون و کاریگەربونی شاعیر و نەبونی سەقامگیری دەرونی، یاخود بەدەربڕینێکی تر بڵێین گەڕانەوەی شاعیر بۆ دوبارە باسکردنەوەی ئاکار و بەهایەک سەلمێنەری باوەڕ قوڵی شاعیرە بەو ڕەفتارو ئاکارانە.

**شەشەم**: ناونیشانی شیعرەکە ئاماژەیە بۆ کولتوری شاعیر، کە بەشێک لە شیعرەکانی داوەتە پاڵ ئەندامێکی جەستەی، وەکو (قانیع و سەری، قانیع و دڵی، ....) شاعیر، بەو دانەپاڵەی، کە شیعرەکە دەداتە پاڵ ئەندامێکی جەستەی، یان دەردێک و بەڵاو موسیبەتێک و پاڵ شتێک، دەیەوێت پێمانبڵێت ناوەڕۆکی ئەو شیعرە کە ڕەنگدانەوەی دید و بۆچونێتی سەرتاپای تەعریف و پێناسەی کەسێتی شاعیر دەکات، کە شوناسی شاعیرە.

**حەوتەم:** لەژێر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی، قانیعی شاعیر جیاواز لە بەشێکی زۆری شاعیران، شیعرەکانی زۆر سادە و ڕون و ڕەوانن و لە ڕوکەشدا هەڵگری هیچ واتایەکی شاراوە نین، چونکە ناوەڕۆکی شیعری بەشێک لە شاعیرانی کورد، ئەوەندا نادیارو پەنهانن، کە تا ئێستاش، بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوان ناکۆک و ناتەبان لەسەر ڕاڤەکردنییان، بەڵام قانیع میتۆدی قسەکردن لەگەڵ جەماوەری گشتی بەکاردێنێت و هەمو کەسێک لێیتێدەگات، بەدەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین: بەشێکی زۆری شیعرەکانی قانیع – بەو شیعرەشەوە- لەژێر کاریگەری دیاردە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا نوسراون و پاڵییان بە شاعیرەوە ناوە، کە شیعرەکەی بنوسێت، بەڵام شاعیرانی تر دانیشتون بیریان کردۆتەوە لەسەر چی بنوسن! گەڕاون بەدوای وشە. چۆن بتوانن کۆد و پاسۆرد لەسەر شیعرەکانییان دابنێن. بەڵام شیعری (قانیع و دڵی) لەگەڵ بەشێکی زۆری شیعرەکانی، هیچ کۆد و ژمارەیەکی نهێنی لەسەر نییە.

## بەشی دووەم

## ٢) ئاکار و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری قانیع و دڵیدا.

### ١/٢) کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ

بەدرێژایی مێژو مشتومڕی زۆر لەنێوان فەیلەسوفان و زانایانی بواری لۆژیک دەربارەی کۆمەڵایەتیبون یان نەبونی مرۆڤ هەر هەبوە، ڕێمنییە تەواوی وردەکاری و دیدو بۆچونی زانایانی تایبەتمەند بەم بوارە بخەمەڕو تەنها ئەوەندە دەڵێم: بەشێکی زۆری فەیلەسوفان و ئایینەکان لەسەر کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ یەک دەنگ و کۆکن، هەروەکو ئیبن خەلدون لە موقەدیمەکەیدا، دەڵێت: فەیلەسوف و دانایان و پەندیاران لەسەر کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ کۆک و یەک دەنگن، چونکە هیچ مرۆڤێک بەتەنیا ناتوانێت، پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات و هیچ کەسێکیش بەتەنیا ناتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات و هەڕەشەکانی دەوروبەر لەخۆی دوربخاتەوە(عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون ٢٠١٩: ٥٢).

هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، لەزۆر شـــوێن و جێگەدا هانی موســـڵمانان دەدات بۆ بەشداریکردن و هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ دەوروبەر و یارمەتیدانی خەڵک و سوککردنی باری قورسی سەرشانی مرۆڤەکان، لەبەر زۆری ئایاتەکان و هەمەلایەنی بونی بابەتی کۆمەڵایەتیبون لەدیدی قورئاندا، ناکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەمویان بکرێت، ئەوەندە بەسە کە خوای گەورە فەلسەفەی دروستبونی مرۆڤی بەستۆتەوە بەیەکتر ناســین و هاموشــۆو تێکەڵاوبونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا، هەروەک دەفەرموێت { وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا} سورەتی (الحجرات١٣) واتا: ((ئێوەمان کردۆتە چەند گەل و نەتەوە و تیرەیەکی جیاواز بۆئەوەی یەکتر بناسن و هاموشۆی یەکتر بکەن و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاوبن)).

هەروەک پێغەمبەری خواش (د.خ) دەفەرموێت: (المؤمِنُ الذي يُخالِطُ الناسِ و يَصبِرُ على أذاهُمْ ، أفضلُ من المؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ و لا يَصبرُ على أذاهُمْ)[i] واتا: ئەو بڕوادارەی کە دەچێتە ناو کۆمەڵگاو لەگەڵ دەوروبەر تێکەڵاو دەبێت بە داناییش مامەڵە لەگەڵ ئازارەکانیاندا دەکات، باشتر و ڕێزدارترە لەو بڕوادارەی گۆشەگیرە و توانای تێکەڵاوبون و ئارامگرتنی نییە.

مرۆڤ بە سروشت و کردەی خوایی، بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەزی لەتێکەڵاوی و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای ســـەرنج و تێڕامانە؛ ئایا هەمو تێکەڵاوبونێک و کۆمەڵایەتیبونێک تەندروست و بێخەوشە؟ بەدڵنیاییەوە، نەخێر! چونکە مرۆڤ بۆئەوەی سنوری بەرانبەر نەبەزێنێت؛ پێویستی بە ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی هەیە، لەباری لادانی ڕەفتاریش پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە.

مرۆڤ بۆ مامەڵەکردن و تێکەڵاوبون لەگەڵ خەڵک و دەوروبەردا پێویســـتی بە کۆمەڵێک هەنگاو و بنەما هەیە، بەبێ پێڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە و ڕەچاونەکردنی بنەماکانیش، مرۆڤ ناتوانێت مامەڵەیەکی ڕێکوپێک وتەندروســت لەگەڵ دەوروبەردا بکات. هەروەکو (دیل کارنگی) دەڵێت: کاتێک دەچمە ڕاوەماسـی، ئەوە دەکەم، کە ماســـییەکان حەزییان لێیە، نەک ئەوەی کە خۆم حەزم لێیە، چونکە ئەگەر وانەکەم، ناتوانم ڕاویان بکەم.

دواتر بەسەرسوڕمانەوە پرسیار لەخۆیی و خوێنەر دەکات و دەڵێت: بۆچی بەمشێوەش مامەڵە لەگەڵ خەڵک و دەورووبەردا نەکەین؟! (دایل کارنغی ٢٠١٠: ٣٥).

بەبێ ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بنەما و ڕێکخستنی کۆمەڵێک ڕەفتار و خۆگرتنی مرۆڤ لە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و هەلومەرجدا، ناتوانێت ببێتە مامەڵەکەرێکی دروست.

قانیعیش لە شیعری (قانیع و دڵی)دا لەسەر دو ئاست باس لە کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ دەکات:

**ئاستی یەکەم:** هەمو گۆشەگیری و خودپەرستییێک ڕەتدەکاتەوە و دورەپەرێزی و خۆبەدورگرتنیش بە ڕەفتارێکی ناشیرن و دور لە مرۆڤایەتی هەژمار دەکات، لهچوار نیوەدێڕی یەکەمی شیعرەکەدا، دەڵێت:

**دڵێ نەناڵێ بۆ هیچ نەخۆشێ**

**ئازاری نەبێ بۆ هیچ پەرۆشێ**

**هەر بۆ ئارەزووی خۆی تێ بکۆشێ**

**بۆ زامێکی هۆز زووخی نەنۆشێ**

شاعیر لەم چەند نیوەدێڕەی سەرەوەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک چەمک و بابەت دەکات، وەک (سەردانیکردن و بەدەمەوەهاتنی نەخۆش و هەستکردن بە ئازاری خەڵک و بەشداریکردنی لە ناخۆشی و بۆنەکانی گومەڵگا و گەڕەک و شار، یانیش تیرە و عەشیرەت) هەمو ئەمانەش دەرەنجامی کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤن، بەپێی ستایشی قانیع بۆ هەمو ئەو سیفات و خەسڵەت و ڕەگەزانەی نیشانە و دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤن و ڕەخنەشی لە هەمو ئەو سیفات و خەسڵەت و ڕەگەزانەی نیشانە و دەرهاوێشتەی گۆشەگیری مرۆڤن، قانیع پشتگیری کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ دەکات.

**ئاستی دوەم:** دوابەدوای پەسندکردنی بژاردەی یەکەم و ڕەتکردنەوەی پێچەوانەکەی، واتە: پەسەندکردنی تێکەڵاوبون و کارلێککردن لەگەڵ تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی دیاردەی گۆشەگیری، ئەمجارە قانیع دەچێتە سەر برگەی دوەم؛ ئەوەی، کە لەسەرەتای ئەم باسەدا بەناوی (ڕێکخستن و ڕاستکردنەوە ڕەفتاری مرۆڤ) ناویهێنرا، واتە: کۆمەڵایەتیبون و تێکەڵاوبون لەگەڵ خەڵک و دەورووبەردا بەس نییە، بەڵکو دانایی و ئاکاری مرۆڤ، لە کاتی مامەڵەکردندا دەردەکەوێت، هەروەک لە کوردەواریشدا دەگوترێت: سەفەر و مامەڵە سەنگی مەحەکن، بەپێی دیدی قانیعی شاعیر؛ لەپاڵ کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ، کۆمەڵێک دەرهاویشتە و لێکەوتەی هەمەلایەن دێنە کایەوە و پێویستیان بەچارەسەرە، ئەگەر بە چاویلکە و وردبینێکی کۆمەڵناسییانە سەیری ناوەڕۆکی شیعرەکە بکەین؛ دەتوانین بڵێین:

قانیع لە میانەی ئەم بەیتەو بەیتەکانی تری دەقەکەدا، کە باس لە کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ دەکەن، ئەم هاوکێشانەی خوارەوەی بەڕاست زانیون:

* مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

* کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ ئاکار و بەهایەکی پیرۆزە و سوننەتی ژیان و یاسایەکی جێگیری ژیان و گەردونە.

* گۆشەگیری و دورەپەرێزی ڕەفتار و خوییەکی نامۆ و پێچەوانەی کردەی خودا و یاساکانی ژیانە.

* هەمو کۆمەڵایەتیبونێک ئاکاری و بەهاییکی ئەرێنی نییە! هەندێکجار ڕەفتار و گوفتارێک، دەبێتە هۆی سەختی و دژواری کەسی بەرانبەر، بۆیە گرنگە مرۆڤ بزانێت؛ چی دەکات و چی ناکات؟ کەی؛ چی دەکات و کەی؛ چی ناکات؟

ئەگەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ئەرێنی نەبن؟ بەدڵنیاییەوە گۆشــەگیری و تێکەڵاونەبونەکەی زۆر پەسەند تر و ڕەندترە لە تێکەڵابونێکی نائاکاری!

لەفەرهەنگی کۆمەڵگای کوردەواریشدا؛ لەسـەر کۆمەڵایەتیبونی ئەرێنی زۆر وتە و پەند و قسـەی نەستەق گوتراون، بۆ نمونە گوتراوە و هەنوکەش دەگوترێت: ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە!

جێگای بیرخســتنەوەیە، کە شــاعیر بەڕەخنەگرێکی بوێری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەمیانەی شـیعرەکانیدا ڕەخنە لە ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ دەگرێت، پەنجە دەخاتە ســـەر دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگا و هەمو ئەو کردار و گوفتارانەش یاساغ و حەرام دەکات، کە سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەباردەبەن و پرۆســـەی ڕەوڕەوەی ژیان لە ئاراســـتەقینەی ڕاســـتەقینەی خۆی لادەدەن، ئەوســـاش شەڕانگێزی و ڕقلێبونەوە و ستەم و نادادی جێگای خۆشەویستی و جوانناسی و مەحەبەت و دادی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە.

پوختەی قســـان قانیعی شـــاعیر لەمیانەی شـــیعرەکانیدا، تەواو وەکو کەســـایەتییەکی چاکســـازو ئـامۆژگـاریکـارێکی کۆمەڵایەتی و خـاوەن پرۆژەی بەئەشـــقکردنی کۆمەڵگـای کوردەواری بەدەردەکەوێت، هەندێکجاریش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی سۆزداری و هەڵچونی تاوگیری دەرونی و تەواو بێئومێد و وارِز دەبێت لە ڕەفتارە نائاکارییەکانی تاک و کۆمەڵ، ســـەرتاپای دەقی شـــیعری (قانیع و دڵی) دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاش دابەش دەکات بۆسەر دو بەرەو دو ئاراستەو دو فەلسەفە و دو ئایدۆلۆژیای جیاواز یەکێکیان ستەمکار و خودپەرست و بێهەست و بێسۆز و بێبەروبوم و بێسێبەر! ئەوی تریان جوانبین و هەسـتناسـک و بەسـۆز و میهرەبان و خاوەن سـێبەر و بەخشـین، بەدەربڕینێکی تر و ڕونتر بڵێین: شـاعیر کۆمەڵگا بۆ دو بەرە دابەش دەکات، یەکێکییان، مرۆڤســـازو ئادەمیزاد. ئەوی تریان هەڵگری ســـیفات و توخمی ئاژەڵگەرایی.

قانیع بە شــێوەیەکی گشــتی باس لە ڕەفتارەکانی تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەکات و هانی یارمەتی و پەرۆشی و هاموشۆی خزمایەتی و هەمو ڕەفتارێک دەدات، کە ببێتە هۆی دروستبونی خۆشەویستی و سۆز لە نێوان تاکەکانی خێزان و کۆمەڵدا، هەروەک هانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی عاشق و یەکنەوا و یەکگرتو دەدات.

لێرەدا دەمەوێت بچمە ســـەر بابەت و تێزێکی پەیوەندیدار بەم باســـە، کە ئەویش بریتییە لە چەمکی یەککگرتویی و ســازانی کۆمەڵایەتی (التماســک الاجتماعي). بەرلەوەی بچمە ســەر شــیکردنەوەی چەمکەکە و بەســتنەوەی بە ناوەڕۆکی دەقە شــیعرییەکەی قانیع، بەپێویســتی دەزانم؛ چەمکەکە بناســێنم و چەند ســـەر ڕستەیەکی لەبارەوە بخەمەڕو.

ئەم دەستەواژەیە بە زۆر شێوە و واتای جیاواز ناسێندراوە و ئاسان نییە واتاییکی دیاریکراو و بڕاوەی بۆ دیارییبکەین، بەڵام هەموویان لە دەوری ئەوە دەخولێنەوە، کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بە کۆمەڵێک پرد و پەیوەندی هەمەلایەن دەورەدراوە، زانا و کۆمەڵناسی فەرەنسیش (ئیمیڵ دورکایم) یەکەم کەس بوە ئەم دەستەواژەی بەکارهێناوە، کە ئەو پێیوایە؛ توندوتۆڵی و گەرمی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی تاک هەیە. (حسام الدين محمود فياض٢٠١٨: ٢٦-٢٧).

لەم بارەیەشەوە دکتۆر عەلی وەردی لە پەرتوکی (گاڵتەجاڕی عەقڵی مرۆڤ)دا لەژێر سەرەناوی (سروشتی مەدەنییەت)دا دەڵێت: بیرمەندانی یوتوبیا ئێستاشی لەگەڵدابێت، ستاییشی هاوکاریی و برایەتی و یەکگرتنی گوفتار دەکەن، ئامۆژگارییەکانیان بەشێوەیەکی سەیر پڕبوە لەو ستایشە، هەر هەموشیان لەسەر ئەمە ڕێککەوتون، دەگمەن نەبێ کەسێک نەبوە ڕیزپەڕبێ.

هەروەها دەڵێت: ئێمە نکۆڵی لە دروستی ئەو بۆچونەی ئەوان ناکەین، یەکگرتویی گوفتار بێگومان بۆ کۆمەڵگا هێزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکەین، کە لە هەمان کاتدا ئەو ڕێککەوتنە زیانی بۆ کۆمەڵگای مرۆیی هەیە.

دکتۆر عەلی وەردی بەردەوامەو دەڵێت: کۆمەڵگای مرۆیی تەنها ناتوانێت بەڕێککەوتن بژی، بەڵکو دەبێت جۆرێک لە ململانێشی تێدابێ بۆ ئەوەی بەرەو پێشبچێت.

تا ئێرە قسە و سەنجەکەی دکتۆر عەلی وەردی بەجێیە و بێ خەوشە، چونکە بە دڵنیاییەوە جیاوازی دیدو بۆچون و جوداوازی هەوێنی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە؛ دکتۆر وەردی دواتر یەکانگیری و یەکنەوایی کۆمەڵگا لەگەڵ دۆگمایی دەکاتە جمک و بەرانبەر یەکیان دادەنێت، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: ڕێکەوتن یەکانگیری بە کۆمەڵگە دەدات، کەچی دۆگمابونیشی پێدەدات، یەکێتی تاکەکان هێزێک لەنێوانییان بەرامبەر کۆمەڵەی دیکە دروستدەکات، کە جێگەی گاڵتە نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا وایانلێدەکات نەتوانن پێشکەون و لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێن، یەکانگیری کۆمەلایەتی و دۆگمایی جمکن و بەیەکەوە لەداکدەبن. (عەلی وەردی٢٠٢٠: ٢٣)

هەرچەندە دکتۆر عەلی وەردی، لەسەرەتای ئەم باسەدا زۆر بەساکاری و سەرپێیی، ئاماژە بەهەندێک لایەنی ئەرێنی یەکانگیری کۆمەلایەتی (التماسک الأجتماعي) دەکات، بەڵام دواتر تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و بەشێوەیەکی ڕەها دۆگمایی دەبەستێتەوە بە یەکانگیری و هاونەوایی کۆمەڵگا، ئەم ڕەهابونەی وەردی و هەمواندنەی لە پەیامەکەیدا دەیکات، دوچاری ئیشکالیەت و پەرچەکرداری دەکاتەوە. چونکە بەپێی لۆجیک هیچ لەمپەرێک نییە لەبەردەمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەبا و یەکانگیر و یەکنەوا پێشبکەوێت و داهێنانی هەمەجۆر تۆماربکات. هەروەک هیچ کاتێکیش یەکانگیری کۆمەلایەتی بە مانای ئەوە نایەت، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەک شێواز بیربکەنەوە.

هەروەک، (ئیبن خەلدون) داکۆکی لەسەر هاوئاهەنگی و یەکانگیری نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دەکاتەوە، فرەپیشەیی و پیشەسازی هەمەجۆر دەکاتە بەڵگە و ئارگۆمێنت لەسەر کۆمەڵایەتی مرۆڤ. (عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون ١٤٤٠هـ ٢٠١٩م ٥٢)

## ٢/٢) هەستی نەتەوایەتی

کەم شاعیری کورد هەن لەسەر هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمانی نەنوسیبێت و لەم بوارەدا داهێنانی نەکردبێت، قانیعیش یەکێکە لەم شاعیرانەی، کە بە زۆر شێوەو لە زۆر جێگادا هەستی خۆی بۆ نیشتیمان دەردەبڕێت و شانازی بە کوردبونی خۆیەوە دەکات، لەڕوی نیشتیمانپەروەرییەوە قانیع سەرلیستی شاعیرانی کوردی گرتوە، قانیع بەڕادەیەک لە خۆشەویستی نیشتیمان ڕۆچوە، کە کەم شیعر و شاکاری هەیە؛ بەشێوەیەک لە شێوەکان، چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یان بەشێوەی هێما و ئاماژەبێت، خۆشەویستی نیشتیمانی لەخۆنەگرتبێت، لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**من کە کوردم با بنووسم دەفتەر و دیوانی کورد**

**ئا بەڵەد بن ئەو کەسانە موددەعین میزانی کورد**

**هەرکەسێ ئەسپی ئەزەل تاو دا لەسەر عەرسەی فەنا**

**پێ بنێتە بەزمگاهـ و مەعرەکەی مەیدانی کورد...** قانیع

قانیع لەم شیعرەدا کە تەنها چوارینەیەکی لێخراوەتەڕو لەزۆر لایەن و گۆشەنیگاوە وەسفی کوردستان و نیشتیمانی گەلی کوردزمان دەکات، هەست و سۆزی نەتەوایەتی قانیع لەم شیعرەدا گەیشتۆتە ئاستێک، کە نزیکی دەخاتەوە لەڕۆحییەتی ناسیۆنالیستی و شانازییش بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و تەنانەت سروشتی نیشتیمانەکەشی دەکات و دەڵێت: کوردستان لەهەمو بستێکی سەر ئەم زەمینە خۆشترە.

لە شیعرێکی تردا قانیع هەمو یاسا باوەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر ڕەحمەتی نیشتیمان و دەڵێت:

**ئەگەر مردم وەتەن لاوانی تۆ خۆش**

**ئەگەر هیتلەر نەما گاوانی تۆ خۆش**

**موخەییەر بم لە بەینی تۆ و بەهەشتا**

**لە جەننەت دوور ئەبم سەیرانی تۆ خۆش** قانیع

ڕێمنییە وشە بە وشە چەمک و بابەتەکان و ئاماژەکانی نێو دەقەکە ڕونبکەمەوە، هەروەک لەخۆشم ناسەلمێنم: لەدوتوێی ئەم توێژینەوە بچوکەدا زیاتر لە سەر سۆزی نەتەوایەتی قانیعی شاعیر بدوێم: چونکە ئەگەر بمانەوێت مافی تەواو بەم بابەتە بدەین؛ پێویستی بە سەدان لاپەڕە و دەیان توێژینەوەی زاستی هەیە. تەنها ویستم ئەو پێشەکییە بچنم بۆ ڕونکردنەوەو بیرخستنەوەی ئاشنایان بە ژیانی قانیع و ناوەڕۆکی شیعرەکانی، کە ئەو کەڵە شاعیرە لە ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکانیدا باس لە سۆزی نیشتمان دەکات، یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ وەکو ئەم دو نمونەیەی سەرەوە، کە ئاماژەمان پێدان، یانیش بەشێوەی هێماو ئاماژەپێکردن، وەک لە نیوەدێڕی چوارەمی شیعری قانیع و دڵیدا دەڵێت:

## بۆ زامێکی هۆز زووخێ نەنۆشێ

بەرلەوەی شیکارێکی وردی ناوەڕۆکی ئەو نیوەدێڕە شیعرە بکەم، مەبەستمە هەردو دەستەواژەی (هۆز) و (زووخ) ڕونبکەمەوە؛ شـێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت: زووخ بەواتای (کێمی برین) دێت.(شـێخ موحەمەدی خاڵ٢٠٠٥: ٢٤٠) لە هەنبانەبۆرینەشدا هەر بە هەمان واتاو ناوەڕۆک خراوەتەڕو، بەڵام بە دەستەواژەی (زۆخ) کە هێمایە بۆ سەختی و ئازاری برین (هەژاری موکریانی ١٣٦٩: ٣٨٤).

هەرچەندە وشە و دەستەواژەی هۆز، وشـەیەکی باوە و واتاکەشـی دیار و ڕونە، بەڵام بۆئەوەی بتوانم شیکارێکی قوڵی وردی ئەو نێوەدێڕە شیعرە بکەم و مەبەست و ئامانجە دیار و نادیارەکانی شاعیر بخەمەڕو، بەپێویستی دەزانم بگەڕێمەوە سەر فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و چەند واتایەکی دەستەواژەکە بخەمەڕو:

هۆز لە فەرهەنگی خاڵدا بەواتای چەند ماڵێکە، کە بچنەوە سەر یەک تیرە.(شێخ موحەمەدی خاڵ٢٠٠٥: ٥٠٤)، بەڵام لە هەنبـانەبۆرینەدا زیـاتر لە واتـایەک خراوەتەڕو، هەروەکو ئـامـاژە بۆ ئەوەش دەکـات، کە هۆز بەواتـای (عاشیرەت) دێت، کە لەناو زمانی کوردیدا بەکاردێت و لە وشـەی (عشیرە) عەرەبییەوە بە گۆڕانکاری دەنگییەوە وەرگیراوە، ئەمە جگەلەوەی، کە جارێکی تر و بە واتایەکی تر خراوەتەڕو، کە دەڵێت: بەواتای (تۆزی لە زەوی بەزرەوەبو) دێت، کە مەبەسـتی (باهۆز، یان گێژەڵوکە)یە، هەر لەو فەرهەنگەدا بەواتای (ئاپۆرە، یان کۆمەڵە مرۆڤێک)یش باس کراوە. (هەژاری موکریانی ١٣٦٩: ٣٨٤).

فەرهەنگی شـێخانیش بەهەمانشـێوەی فەرهەنگی خاڵ، بەواتای (عەشـیرەت)ی هێناوە(عەبدولوەهاب شێخانی٢٠٠٩: ٥٧٧)، بەڵام فەرهەنگی کۆما کوردیا کورمانجی لە شـوێنێک، بەواتای (سـلسـلە، یان قەوم)ی هێناوە، لەشـوێنێکی تر بەهەمانشـێوەی هەنبانەبۆرینە، بەواتای (گرد و خاک) واتە (گێژەڵوکە)، خسـتویەتەڕو( Azad MAKUYI…etc 2012 : 60).

دوای چنینی ئەم پێشـەکییە کورتە و خسـتنەڕوی واتای دەسـتەواژەکانی نێو نیوەدێڕی سـەرەوە باشـتر دەتوانین پەی بە ئامانج و نییەتە شاراوەکانی شاعیر ببەین.

لە کوردەواریدا گوتراوە: هەمو ڕێگاکان دەچنەوە بانە، ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێت: کە چەمک و بابەت و هزرێکی دیاریکراو دەبێتە سـەرڕسـتە و ناونیشـان و سـەرەناوی هەمو بابەتێک و لە هەمو بۆنە و جێگایەکدا دەخرێتەڕو، یان خۆی قوت دەکاتەوە، سـۆزی نەتەوایەتی قانیعی شـاعیریش، وەک بانەی لێهاتوە و لەهەمو هۆنراوەکانیدا دەچێتەوە سەر وەسفی نیشتیمان و لە هەر بۆنەییێکدا بۆی برەخسێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان بولبولئاسا بۆ نیشتمان دەچریکێنێت.

بەپێی ئاماژەکانی دەقەکە و لێکدانەوەکانی سـەرەوە، دەسـتەواژەی هۆز لە بچوکترین یەکەی واتاییەوە کە بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێک یان تیرەیەک هەڵدەکشـێت و فراوان دەبێت بۆ بەرزترین ئاسـتی واتایی، کە بریتییە لە نەتەوە و نیشتیمان.

مەبەستی قانیع ئەوەیە، کەسێک بەشداریی لەکاری بەکۆمەڵی گروپەکەی، یا گەڕەک و شارەکەی، یان نیشتمان و نەتەوەکەی نەکات، هەروەها لەپێناو پاراستنی قەوارەکەشی تێنەکۆشێت و ئامادەنەبێت تەنها باجێک بدات و

تاڵی و سوێرییەکانی پاراستنی نیشتمان بنۆشێت، ئامادەش نەبێت، دەواری نیشتمانەکەی لەکۆڵ بکات، **یارەبی ئاوارە بێت و بە تیغی دوژمن پارە پارە بێت!**

هەرچەندە قانیع لەم نیوەدێڕە شـیعرەدا بەئاماژەیەکی خێرا و چەند وشـەیەکی کەم، هێما بۆ پاراسـتنی نیشـتیمان دەکات، بەڵام دوای قوڵبونەوەو لێوردبونەوە، دەردەکەوێت، کە ئەم و وشـەو دەسـتەواژانە و جۆری هۆنینەوەی دەقەکە، لەناخی شاعیرێکی نیشتیمانپەروەری شۆڕشگێڕی گیانلەسەردەست نەبێت دەرناچن.

وەک دوا دەرەنجامیش، دەتوانین ئەوە بڵێین، کە قانیعی شـاعیر، بەم هێماو ئاماژە خێرایە دەیەوێت پێمان بڵێت، پاراسـتنی قەوارە و نیشـتمانی دایک، ئەرکی سـەرشـانی هەمو هاونیشـتمانییەکە، کەمتەرخەمی و درێغیکردنێکیش لە تێکۆشان و خەباتی نەتەوەیی بە ڕەفتارێکی نائاکاری لەقەڵەم دەدات.

## ٣/٢) گیانی هاریکاری و هاوئاهەنگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا:

لەپێشـەوە باسمانکرد؛ کە قانیع بەڕونی بڕوای بەکۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ هەیە، ئەستەمیشە و پێچەوانەی یاسـاکانی گەردونە؛ مرۆڤێک بتوانێت بەتەنیا ژیان بەسـەربەرێت، هەمو مرۆڤێک ناچارە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات و هاموشۆی دۆستان و خزمان بکات، بەڵام هەمو مرۆڤەکان بەیەک ئاست و شێواز مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا ناکەن، هەندێکیان تێکەڵاون، هەندێکیشـیان گۆشـەگیر، ئەوانەی گۆشـەگیرن؛ ناتوانن یارمەتی هیچ کەس و لایەنێک بدەن، چونکە بڕیاریانداوە تێکەڵاو نەبن، قانیع ئەمە بەڕەفتارێکی ناباش هەژمار دەکات، ئەوانەی تێکەڵاویشـن؛ هەمویان نابنە خاوەن خێر و بێر بۆ دەوروبەرەکانیان، بۆیە قانیع لەچەند دێڕو بڕگەی جیاوازی دەقی شـیعری (قانیع و دڵی)دا هەمو خۆگرتن و خۆبواردنێک لەیارمەتیدانی خەڵک و لابردنی سـەختی و دژوارییەکانی کەسـانی بەرانبەر و سـوککردنی باری دەردەداران، بەڕەفتارێکی نائاکاری و نامرۆیی لەقەڵەم دەدات، بەواتای پێچەوانەییش(مفهوم المخالفة) هانی هەمو گوفتار و ڕەفتارێک دەدات، کە بزە و خەندە بخاتە سـەر لێوی لێوبەبار و دەردەدار و نەخۆشـێک، یانیش مرۆڤێک لەبارودۆخێکی ناهەموار ڕزگاربکات، بۆنمونە لە سێ نیوەدێڕی کۆپلەی یەکەمدا دەڵێت:

**دڵێ نەناڵێ بۆ هیچ نەخۆشێ**

**ئازاری نەبێ بۆ هیچ پەرۆشێ**

**هەر بۆ ئارەزووی خۆی تێ بکۆشێ**

قانیع لەم سێ نیوەدێڕەدا ئاماژە بە سێ ئاکارو بەهای کۆمەڵایەتی گرنگ دەکات:

١. سەردانیکردن و یارمەتیدانی نەخۆش و هاوخەم و هاوسۆزبون لەگەڵی.

٢. هەستکردن بەئازاری کەسی بەرانبەر و هەوڵدان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی.

٣. خۆنەویستی و توانەوە لەپێناو چارەسەرکردنی ئازارەکانی کەسی بەرانبەر.

بەکورتی لەسـەر هەر یەکێک لەم سـێ ئاکارو بەهایانە دەوەسـتم و شـیکارێکی ئاکاری کۆمەڵایەتی ئاییننیان، دەکەم:

**بەها و ئاکاری مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی نەخۆشدا:**

هیچ مرۆڤ و گیانلەبەرێک ناتوانێت تاسەر بمێنێت و نەمرێت! ناشتوانێت؛ نەخۆش نەکەوێت و هەمیشە بەساغی بمێنێتەوە! هەمومان نەخۆش دەکەوین و هەموشمان لەدەرەنجامدا دەمرین، نەخۆشکەوتن دیاردەیەکی مرۆیی کۆمەڵایەتییە و پەیوەستە بەجوڵە و هەبونی مرۆڤ، لە هەر شوێن و جێگایەکدا مرۆڤ هەبێت، نەخۆشی و دیاردەی نەخۆشکەوتنیش هەر دەبێت! هەر وەک ناری شاعیریش دەڵێت:

**تەماشا کەن لە سفرە و خوانی گەردون**

**هەتا سەر نیعمەتی شادی بەکێدا** ناری

نەشادی و نەنەخۆشیش تا سەر نامێننەوە، بەڵکو هەردوکیان دو سیفەتی ڕوکەش و لابەلا و کاتین، هەروەک خوای گەورەش دەفەرموێت:

(فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا * إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا) سورەتی الشرح ٦،٥ خوای گەورە دوجار بەشێوازی دوپاتکردنەوە، پێماندەڵێت، کە لەگەڵ هەمو ناخۆشییەک، خۆشییەک هەیەو هیچ ناخۆشییەک تا سەر نامێنێت.

نەخۆشیش پێویستی بەهاوکاری و بەدەمەوەچونە، ئەگەر هەمومان نەخۆشەکانمان پشتگوێ بخەین؛ بێگومان ڕەوتی ژیان دەوەستێت و هیچ و بەهاو ئاکارێکی ئەخلاقیش لەسەر زەوی نامێنێت و جگەلەوەی مرۆڤ؛ مانای مرۆڤبونی خۆی لەدەستدەدات، لەناو جیهانی ئاژەڵەکانیشدا جێگای نابێتەوە و دەچێتە خانە و چوارچێوەی بێگیانەکان (الجمادات) چونکە ئاژەڵەکانیش هەستی یارمەتیدان و سۆزیان هەیە، زۆر شومە و ناشرین و نەنگییە؛ مرۆڤ دایک و باوکی نەخۆش بن و هاوکار و هاودەم و یارمەتیدەریان نەبێت، لە کاتێکدا ئەوان جوانی و گەنجیان کردە قوربانی ئەو!

بەپێی دیدی قانیع و هەمو ئەوانەش، کە فەلسەفە و عیشق و مەحەببەتی قانیعیان هەیە؛ هاوکاری نەخۆش و بەدەمەوەچونی دەردەداران، بەها و ئاکاری بەرزی مرۆییە، بەپێچەوانەشەوە خۆگرتن و نەناڵین بەناڵینی نەخۆش و بیمار و دەردەداران، نائاکاری و نامرۆیی و نامەردییە، هەربۆیەش قانیع دوعای ئاوارەبون و پارە پارەبونی بەتیغی دوژمن لەم جۆرە کەسانە.

هەروەک پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) لە پایەی سەردانیکردنی نەخۆش و بەدەمەوەبونییەوە، دەفەرموێت: ((إنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ يقولُ يَومَ القِيامَةِ: يا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي، قالَ: يا رَبِّ كيفَ أعُودُكَ؟ وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ، قالَ: أما عَلِمْتَ أنَّ عَبْدِي فُلانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ، أما عَلِمْتَ أنَّكَ لو عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟)) [ii]

واتە: لەڕۆژی دوایدا خودای گەورە ڕو دەکاتە بەندەکەی و پێیدەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم، لەدونیادا نەخۆشکەوتم و سەردانت نەکردم، بەندەکەش بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: من بەندە و تۆ پەروەردیگار، چۆن دەمتوانی سەردانی تۆ بکەم؟! خودای گەورەش دەفەرموێت: ئایا نەتدەزانی کاتێک فلانە بەندەیەی من نەخۆشدەکەوت، ئەگەر سەردانت بکردبا، وەک ئەوەی بو سەردانی من بکەی؟!

**هەستکردن بە ئازاری دەوروبەر**

لەنیوە دێڕی دووەمدا قانیع دەڵێت:

**ئازاری نەبێ بۆ هیچ پەرۆشێ**

شاعیر دەڵێت، کەسێک هەست بە ئازار و ناهەمواری و سەختی باری ژیان و برسییەتی کەسانی دەوروبەر نەکات، یارەبی هەر ئاوارە و دەربەدەربێت و بەتیغی دوژمنیش پارەپارە بێت، شاعیر زۆر بەشێوازێکی توند دەیەوێت ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەوجۆرە کەس و بەناو ئادەمیزادانە بگرێت، کە هەست بە ئازارەکانی دەوروبەر ناکەن. گوتراویشە: مرۆڤەکان بەدو شێوە هەست بە ئازاری کەسانی بەرانبەر دەکەن:

**شێوەی یەکەم:** کەسەکە خۆی لە هەمان ئازاردا بێت، یان لە ڕابردودا هەمان ئازار، یانیش ئازاری هاوشێوەی بینیبێت، بەدڵنیاییەوە سەرباری ئاکاریبونی ئەم ڕەفتارە، بەڵام هونەرێکی زۆر گەورە و مەزنیش نییە، چونکە کەسەکە بەهۆی ئازار و ناهەمواری خۆی، خەڵکیشی بیرکەوتۆتەوە، بەڵام زۆر باشتر و ئاکاری ترە، لەوەی بە ئازارەکانیشیەوە هەر هەست بە ئازاری هیچ کەس و ئادەمیزادێک نەکات! ئەوسا مرۆڤ وەک لەسەرەوە باسمانکرد؛ دەبێتە بونەوەرێکی بێگیان و هەست، لە کوردەواریشدا لە زەممی ئەم حاڵەتەدا گوتراوە و دەگوترێت: کەس بە دەردی کەس ئاگادار نییە! یانیش کاتێک کەسێک بە تەوسەوە گلەیی لەبەرانبەرەکەی دەکات و پێیدەڵێت: ئازار لەخۆت نییە!

**شێوەی دوەم:** مرۆڤی هەستیار و مرۆڤدۆست، بەبێئەوەی خاوەن ئازار و دەردێک بێت، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە، هەست بە ئازارەکانی دەوروبەر دەکات و هەوڵی لابردنیشییان دەدات، بەدڵنیاییەوە ئەم حاڵەت و هەست و نەستەش، تەنها لە مرۆڤە گەورە و داناکاندا بەدیدەکرێت.

شێوازی هۆنینەوەی قانیع لەم دەقە شیعرەدا نەرێنییە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەر ڕەفتار و گوفتارێکی نەرێنیدا، دەیەوێت پێچەوانەی ئەم گوفتار و ڕەفتارەش پەسەند بکات و بە ئاکارییان لە قەڵەم بدات، هەروەک ڕونیشە؛ پێچەوانەی هەستنەکردن بەئازاری خەڵک و هەوڵنەدان بۆ لابردنی سەختی و ناهەمواری کەسانی بەرانبەر، بریتییە لە گیانی هاریکاری و هاوئاهەنگی و خەمخۆری و بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشی دەوروبەردا، لەم سۆنگەیەشەوە خودای گەورە دەفەرموێت: (وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) سورەتی (المائدة: ٢) واتە: لەسەر کاری باش و ئاکاری جوان هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ یەکتردا. هەروەک پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) دەفەرموێت: (مثَلُ المؤمنين في تَوادِّهم ، وتَرَاحُمِهِم ، وتعاطُفِهِمْ. مثَلُ الجسَدِ إذا اشتكَى منْهُ عضوٌ تدَاعَى لَهُ سائِرُ الجسَدِ بالسَّهَرِ والْحُمَّى)[iii]

واتا: نمونەی بڕواداران وەکو جەستەیەک وایە؛ هەر کاتێک ئەندامێکی نەخۆشکەوت؛ هەمو ئەندامەکانی تری جەستە، نەخۆشدەکەون و هەست بەئازار دەکەن.

هەستکردن بە ئازاری کەسانی بەرانبەر و هەوڵی سوککردنی باری سەر شانی کەسانی دەوروبەر، لەپاڵ ئەوەی ڕەوشت و ئاکارێکی مرۆیی و بەهاییکی کۆمەڵایەتی بەرزە، داخوازی ئایین و خوداشە، هەر لەسۆنگەی

یارمەتیدانی دەوروبەردا، پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: ((والله في عون العبد ما كان العبد في عون أخيه)) واتا: مادام بەندەكان لەنێوان خۆیاندا یارمەتی یەكتر دەدەن، خوداش كۆمەكی و یارمەتییان دەدات.

قانیع لەم نیوە دێڕە شیعرە و سەدانی تر لە شیعرەكانیدا، كاریگەربوە بە چەمكە مرۆیی و ئایینییەكان، چونكە بەلێكدانی پێلۆی چاوەكان لە ئاستی بیر و هزر و باوڕی قانیعدا، ناوبراو لە حوجرە و مزگەوت خوێندویەتی و ئاشنابوە بە هەمو ئەو دەقە ئایینیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان.

شاعیر لە نیوە دێڕی سێیەمی كۆپلەی یەكەمدا دەڵێت:

**هەر بۆ ئارەزووی خۆی تێبكۆشێ**

قانیع بە ڕاشكاوی دەڵێت: مرۆڤی ساغلەم و ژیانساز و مرۆڤدۆست، بەتەنیا لە خەمی خۆیی و تێركردنی ئارەزوەكانیدا نییە، بەڵكو خەمی دەوروبەر و خزم و دۆستان و خەمی گشتیش بە خەمی خۆی دەزانێت، لەكوردەواریشدا دەگوترێت: جام كە پڕ بو لێیدەڕژێت! ئەمەش لەكاتێكدا دەگوترێت: كە مرۆڤ دوای پشودرێژییەكی زۆر، ئارامییەكەی لەدەستدەدات و چیتر خۆی پێ كۆنترۆڵ ناكرێت، منیش دەمەوێت: پەندەكە هەڵگێڕمەوە و بڵێم: جام تاپڕ نەبێت لێناڕژێت! مەبەستمە بڵێم: مرۆڤ تاخۆی پڕنەبێت لە هەست و سۆز و مەحەببەت، ناتوانێت بەخشندە بێت و سود بەدەوروبەرەكەی بگەیێنێت! قانیع دەڵێت: **كەسێ هەر خۆی بوێت و چاو و دڵی، كەسی تر نەبینێت، یاڕەببی ئاوارەبێت و بە تیغی دوژمن پارە پارە بێت.**

كورت و پوخت هەمو ئەو پەیام و سەرنجانەی قانیع لە میانەی ئەم دەقە شیعرییە لەسەر گیانی هاریكاری و هاوئاهەنگی مرۆڤەكان دەیخاتەڕو، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونەكانی و كلتوری ڕەسەنی كۆمەڵگای كوردەوارین. شاعیر لە كۆپلەیەكی تری دەقەكەدا دەڵێت:

**دڵێ بمخاتە كۆلانەو كۆلان**
**دایم كوركەی بێ بۆ دیدەی كچان**
**قەت ڕانەچڵەكێ بۆ بێدەستەكان**
**گۆیێ خۆی شل نە كا بۆناڵەو گریان**
**یاخوا ئەو دڵە هەر ئاوارە بێ**
**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

قانیع لەم بەیتەدا ئاماژە بە دو چەمك و بابەت و حەز و خولیا دەكات، هەندێكجار بەیەكەوە كۆدەبنەوە و هەندێكجاریش ناتەریب و دژبەیەكن، یەكێكیان حەز و خولیاو غەریزەی كەسییە، ئەویتریشیان كۆمەكی و یارمەتیدانی كەسانی دەوروبەرە، ئەم هەست و نەستە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت، هەمو مرۆڤەكانیش بەیەك شێوە و بە یەك ئاست، گیانی هاوكاری و یارمەتیدانیان تێدا نییە، مرۆڤی وا هەیە؛ كورد گوتەنی: ئامادە نییە بەردی سەرشكانێ بداتە هیچ كەس! مرۆڤ و بەندەی واش هەیە؛ وەك مۆم دەسوتێت و دەوروبەرەكەی ڕوناك دەكاتەوە و لە عەشق و خۆشەویستیشدا دەتوێتەوە و فەنا دەبێت.

شاعیر لەدو نیوە دێڕی یەکەمی ئەم بەیتەدا، باس لە حەز و خولیا و گەڕان و گەیشتنی گەنجان و پیاوان، بۆ ڕەگەزی بەرانبەر دەکات و لە دو نیوە دێڕی کۆتایشـدا، ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی لەوانە دەگرێت، کە جگە لە تێرکردنی حەز و ئارەزوەکانیان، هیچ ئامـانجێکی تریان نییە، بۆیە هەوڵ دەدەم لە چەند گۆشـــەنیگاییەکەوە سەیری دەقەکە بکەم و ئامانجەکانی شاعیر بخەمەڕو:

* بەر لە هەمو شـتێک، پێویسـتە ئەوە بزانین: کە سـیاق و چوارچێوەی گشـتی شـیعرەکە و خودی بەیتەکەش، زەمکردنی ڕەفتاری حەز و خولیای کەســـی نییە، چونکە ئەم بابەتە دەچێتە چوارچێوەی حەز و غەریزە و پێداویسـتییە فیسـیۆلۆجییەکانی مرۆڤ، بەپێی هەرەمی ئەبراهم ماسـلۆ تێرکردنی غەریزەی جنسـی ڕیزبەندی ژمارە (١) هەرەمەکەی گرتوە (کەریم شەریف قەرەچەتانی ٢٠٠٦ : ١٠٤).

هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی شـیعرەکانی و ئاراسـتەی هزری شـاعیر، پێناچێت؛ مەبەسـتی بێت؛ ئەم حەز و خولیایەی مرۆڤ، قەدەغە و یاســاغ بکات! بەڵکو دەیەوێت؛ ئەوە بســەلمێنێت؛ کە کەســێک تەنها و تەنها خۆی مەبەست بێت و هیچ بۆشـاییەکی مرۆیی کۆمەڵگاکەی پڕنەکاتەوە و لە خەمی هیچ کەس و دەردەدارێکدا نەبێت و گوێی بیسـتنی ناڵە و نرکەی نەخۆش و برسـی و خاوەن زامێکیشـی نەبێت و دەسـتی یارمەتی بۆ دەسـتێکی کورت و بێدەستەڵات درێژ نەکات، ئەوە نەبونی باشترە و زیادەیە بەسەرشان و باری هاووڵاتیان و کۆمەڵگاوە!

**یاخوا ئاوارە بێت و بەتیغی دوژمن پارە پارە بێت!**

بەپێی دیدی قانیع و لێکدانەوەکانی ســـەرەوە؛ قانیع (ڕەفتاری هاوســـەنگی) پەســـەند دەکات و زێدەڕۆییکردنیش لە مومارەسەکردنی ماف و حەزە کەسییەکان، بە ناپەسەند و نابەجێ هەژماردەکات.

هەروەک دەمەوێت ئاماژە بە وێناکردنێکی جوانی شـــاعیر لەم بەیتەدا بۆ بارودۆخ و هەندێک ســـیفاتی ئەوسای کۆمەڵگای کوردەواری بکەم: بە وردبونەوە و سەرنجدان، لە دو نیوە دێڕی یەکەمی بەیتەکە و ڕۆنانی وشــە و شـێوازی ڕسـتەکانی و چۆنیەتی لێکدانییان، بۆمان دەردەکەوێت، کە سـروشـتی ئەوسـای کۆمەڵگای کوردی، بەهۆی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی قۆناغەکە و نەبونی کەناڵی پەیوەندی نێوان کچان کوڕان، کۆمەڵگاییێکی نیمچەداخراو بوە، تاکە هۆکاریش بۆ گەنجان و وەرگرتنی چێژی تەمەنی گەنجییەتییان، بریتیبوە لە پیاســـەیەکی دەمەو ئێواران بە کوچە و کۆڵانەکانی ئاوەدانیدا، تەنهاوتەنهاش ســـیلە و خێســـی چاوانیشـییان پێبڕاوە، هەر لەم میانەشـدا، دەقێکی جوانی مامۆسـتا هێمنم؛ لە میانەی شـیعری (ئێوارەی پایز)دا بیرکەوتەوە، کە دەڵێت:

**دەرکی دوکانی گاڵەدا مام حاجی و بەرەو ماڵ بزوت**
**نازدارێکی چارشێو بەســــــەر بەتەنیشتمدا تێپەڕی**
**بەغار هاتو توند قیژاندی ڕوتەڵەیەک بەبەد فەڕی**
**کەمێک ڕاوەستا جا ڕابورد ئەو لاوەی جادەی ئەپێوا**
**دیار بو خێسێکی دابویە ئەو شۆخە لەبن چارشێوا**
**کیژێک خۆی لە ژور کوتاوە دەرگای حەوشەکەی پێوەدا**

**ئیتر شوێنەواری جوانی بەدی ناکەم لەم نێوەدا**

**تا تاریکان پەیدا ئەبێ چۆڵ و چۆڵتر ئەبێ جادە**

**نە دێتە دەر کیژی لەبار نە رادەبرێ لاوی سادە**

پشتبەست بە دەقەکە و ئاماژە دیار و نادیارەکان، مەبەستمە بڵێم: بەبێ ویستی شاعیر، وێناییێکی جوانی ڕۆژگارەکەی کردوە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوساشی خستۆتەڕو.

هەروەک دەمەوێت چەند سەرڕستەییێکیش لەسەر دەستەواژەی (بێ دەستەکان) بخەمەڕو، دەستەواژەکە زۆر ڕونە، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین؛ مەبەستی قانیع لە دستەواژەکە ئەو کەسە نییە، کە دەستەکانی لە دەستداوە، بەڵکو ئامانجی شاعیر بێدەستەڵات و بێ نەواکانن و ئەوانەن، کە ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان و خانەوادەکانییان، دابینبکەن.

## ٤/٢) ئاکاری بەجێهێنانی پەیوەندی خزمایەتی:

پێشتر باسمانکرد؛ کە تەواوی ناوەڕۆکی شیعرەکە لەسەر بنەمای گیانی هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بونیادنراوە، بەڵام کاتێک سەرنج دەدەین؛ بەڕونی هەست بە قوڵی (بیری مرۆڤدۆستی و ژیاندۆست)ی شاعیر لە لەلایەک و (توڕەییەکەش)ی لە بێهەستی و بێلوتفی مرۆڤەکان بەرانبەر یەکتری، لە لایەکی ترەوە دەکەین، هەر ئەمەشە وایکردوە، کە دو خەسڵەت و ڕەگەزی دیار، بەڕوکار و ناوەڕۆکی شیعرەکەوە دیاربن:

١- بەشێکی ئاکار و بەهاکانی نێو شیعرەکە، لە چەند دێڕ و بەیتێکی جیاوازی دەقەکەدا، دوبارە دەبنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بڕوای قوڵی شاعیر، بە ئاکار و بەهاکان و بەرزی ئاستی سۆزداری شاعیر بەرانبەریان و قورسی ئاستی هەڵچونە ناوەکییەکان و تاوگیری شاعیر، بەرانبەر ئەو ڕەفتار و دابونەریتە نەرێنیانەی دەیانخاتەڕو.

٢- هەر بەو پێیەی لە دەقە شیعرییەکەدا شاعیر (یەکێتی شیعر)ی پاراستوە و تەواوی شیعرەکەش لەسەر بیرۆکەی مرۆڤدۆستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نوسراوە، شاعیر لەم چوارچێوەدا گەمەیەکی جوان دەکات و لە چەمکێکی گشتییەوە دەپەڕێتەوە بۆ چەمکێکی تایبەت و لە تایبەتیشەوە دەچێتەوە سەر چەمکە گشتییەکە، بۆیە دوای ئەوەی، کە شاعیر لە کۆپلەی سەرەتادا بنەمای شیعرەکەی داناوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کۆمەڵایەتی مرۆڤ و بەخەمەوەبونی مرۆڤ بۆ دەوروبەر دوا، ئینجا دەچێتە سەر بچوکردنەوەی بازنەکە و قسە لەسەر پەیوەندی دراوسێیەتی و خزمایەتی دەکات، لەم سۆنگەیەشەوە لە کۆپلەی (شەشەم)دا دەڵێت:

**کەس نەگرێتە خۆی بە تاقی تەنیا**

**لە بیرباتەوە گشت خزم و برا**

**هەر وەک دو عاکەی پێشو کە وترا**

**یاخوا ئەو دڵە هەر ئاوارە بێ**

**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

هەروەک لە نیوە دێڕی (١٣) لە میانەی کۆپلەی (پێنجەم)دا، دەڵێت:

**دڵێ ژان نەکا بۆ ژانی هاوسێ**

شاعیر لەم دو دەقەی سەرەوەدا بەڕونی باس لە ئەرک و مافی دراوسێ و خزم، بەسەر مرۆڤدا دەکات.

بەدیدی بەندە؛ شاعیر لە دارشتنی هەردو بیرۆکەی سەرەوە و هۆنینەوەی دەقەکانیان، تەواو کاریگەر بوە بە ڕۆشنبیرییە ئایینییەکەی، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، زۆر بە گرنگییەوە باسی هەردو چەمکەکەی کردوە و بە ئەرکێکی مرۆیی و ئاکاری لە قەڵەمداون، تەنانەت پێموایە؛ قانیع لە دارشتن و چنینی وشەکان و هۆنینەوەی خودی دەقەکەش، بەم دەقە ئاینییەی خوارەوە کاریگەر بوە، کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە بواری ئەرکی دراوسێ بەسەر دراوسێدا، دەفەرموێت: (ليس المؤمن الكامل بالذي يشبع وجاره جائع إلى جنبه وهو يعلم)[iv] واتا: بڕوادار نییە، هەرکەسێک بەتێر و ڕاحەتی بخەوێت و هاوسێیەکەشی ئاتاج بێت و لە توانایدا هەبێت و یارمەتی نەدات.

نامەوێت هەردو دەقەکە بەراورد بکەم، بەڵام بەدیدی بەندە وەک ڕۆژی ئاشکرا ڕونە، کە قانیع لەم بابەتەدا تەواو کاریگەر بوە بەم فەرمودەی پێغەمبەری خودا.

هەروەک لە بابەتی پەیوەندی و سۆزی خزمایەتیدا: قانیع وەک کوردێکی ڕەسەن و جوتیارێکی دێهاتنشینی خزمدۆستی خۆنەویست دەردەکەوێت، لە کوردەواریشدا ناوەڕۆکی هاوشێوە، هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن، وەک گوتراوە: برای لەپشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خودا بێت، هەروەک دەشگوترێت: دار کرمی لەخۆ نەبێت عومری هەزار ساڵە.

## ٥/٢) ئاکاری بەرپرسارییەتی

جێگای بیرخستنەوەیە؛ جەمسەری بنەڕەتی دەقە شیعری (قانیع و دڵێ) فەلسەفەی ئەخلاقە، پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کە شاعیر (یەکێتی شیعری) دەقەکەی پاراستوە، هەرچەندە کۆمەڵێک بابەت و چەمکی جیاواز و هەمەچەشن و هەمەلایەن دەوروژێنێت، بەڵام هەموویان خزمەت بە یەک کۆلکەی هاوبەش دەکەن، کە ئەویش بریتییە لە فەلسەفەی ئاکار و ڕەوشتی بەرز، بە دەربڕینێکی تر بڵێین: قانیع ئاکار و ڕەوشتی بەرز، دەکاتە هەوێنی هەمو کار و کردەوەیەک، بەپێی دیدی قانیع (ئاکار) ڕەوایەتی بە هەر بابەت و چەمکێک دەدات، ئەگەر ئاکار هەبو، مانای وایە؛ ڕەوایەتی هەیە، بەپێچەوانەشەوە؛ ئەگەر ئاکارنەبو، ڕەوایەتی نابێت! هەر ئەمەش وایکردوە، کۆمەڵێک بابەت و چەمکی جیاواز لە میانەی شیعرەکەیدا بخاتەڕو، هەموشیان ببەستێتەوە بە ئاکار و ئەخلاق بەرزی، لەم نێوەندەشدا لە هەرە بابەتی بچوکەوە دەستپێدەکات، کە سەردانی و هاوکاری نەخۆشە، تا دەگاتە فەلسەفەی حوکمڕانی تەندروست و ئاکاری بەرپرسارییەتی، لەم سۆنگەیەش لە کۆپلەی (سێیەم)دا دەڵێت:

**دڵێ ڕەحەت بێ کە چوە سەر کورسی**

**ئێتر نەنوارێ بۆ حاڵی برسی**

**تەما شای خەڵک کا بە زەردو سیسی**

**ئەبێ ئەو دڵە بۆ لێی بپرسی**

**یاخوا ئەو دڵە هەر ئاوارە بێ**

**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

لەبەرایيدا دەڵێم: ئەم بەیتە و ئامانجەكانی پشت دەقەكەش، ئەوەندە ڕونن و هیچ وشە و دەستەواژەیەكی ناڕونی تێدا نییە؛ پێویستی بەڕونكردنەوە هەبێت، قانیع لەپاڵ ئەوەی، بەشێوەیەكی گشتی باس لە فەلسەفەی حوكمڕانی و ئاكاری بەرپرسارییەتی دەكات، دو سیفەت و خەسڵەتی بابای بەرپرسیش زەق دەكاتەوە، ئێمەش بەجیا هەردو سیفەتەكە شیدەكەینەوە، بەڵام بەرلەوەی بچینە سەر شیكاركردنیان، بەپێویستی دەزانم هەڵوێستەیەك لەسەر خودی دیاردەی چەمكی بەرپرسیاریەتی بكەم و بیخەمە ژێر وردبینی زانستی كۆمەڵناسی و چەند سەررِستەیەكیش، لەم بارەیەوە بخەمەڕو:

بابەتی بەرپرسارییەتی، پەیوەستە بە جوڵە و هەبونی مرۆڤ لەنێوە كۆمەڵگادا، لە هەر شوێنێكدا ژیان و مرۆڤایەتی هەبو؛ پێویستی سیستەم و بەرپرسیش دێتەپێش؛ بە دەربڕینێكی تر بڵێین: لە هەر شوێن و جێگایەكدا، چەند مرۆڤێك بە یەكەوە كۆببنەوە؛ پێویستە یەكێكیان دەور و ڕۆڵی بەرپرسارییەتی و ڕاپەڕاندنی كاروبارەكانی گروپ بگرێتە ئەستۆ، پێبەپێ و قۆناغ بە قۆناغیش، پێوستی هەبونی سیستەم و یاسا و بەرپرسیش زیاتر دەبێت، واتە بەپێی زۆربون و هەڵكشانی ڕێژەی گروپەكە، ڕاددەی پێویستی هەبونی بەرپرسیش زیاتر دەبێت، هەبونی یاسا و سیستەمێك لە ناو تیرە و هۆزێكدا، پێویسترە لە هەبونی یاسا وسیستەمێك بۆ گروپ و كۆمەڵەیەكی كاتی و كەم، بەهەمانشێوەش كاتێك چەند تیرە و هۆزێك، عەشیرەتێك پێكدێنن، زیاتر لە جاران پێویستە كاروباری گشتییان بخەنە ناو سیستەمێك و كەسێكی بەهێز و هەڵگری سیفاتەكانی سەركردەش، ببێتە بەرپرس و مشورخۆر و چاوساغ و دەمڕاستییان، بێگومان كاتێكیش ڕەوتی كۆمەڵەكە هەمو بازنە بچوكەكانی خوارەوە تێدەپەڕێنێت و دەچێتە چوارچێوەی قەوارە و گەل و نەتەوە، بە دڵنیاییەوە سەركردە و سیستەمی باش، دەبنە كۆڵەكەی بنەڕەتی ڕەوڕەوەی كۆمەڵگا و هەوێنی ئاسایشی كۆمەڵایەتی، وەك پاڵپشتییێكیش بۆ هاوكێشە و تێزەكانی سەرەوەم؛ ئاماژە بە بۆچونە بەناوبانگەكەی فەیلەسوفی فەڕەنسی (بۆسیوتBOSSUE ) لە بواری پێویستی سیستەم و یاسادا دەكەمك كە دەڵێت: ((حيث يملك الكل فعل ما يريدون.. لا يملك أحد فعل ما يريد"."فحيث لا مسود فالكل سيد.. وحيث الكل سيد فالكل عبيد)) (البكري والبشير٢٠١١ : ٢٨).

واتا: ئەوكاتەی هەموان بە ویست و حەزی خۆیان، ئەوەی مەبەستییانە ئەنجامی دەدەن، لەهەمان كاتیشدا ناتوانن ئەنجامی بدەن. و هەركاتێك ڕێبەر و ڕێنیشاندەرێك نەبو هەموان گەورە و كوێخان... لە كاتێكیشدا، كە هەموان ئاغاو كوێخاو بەرپرسن، كەچی ئەڵقە لەگوێ و نابەرپرسیشن.

بەرپرسارییەتی دیارەیەكی كۆمەڵایەتییە و هەبون و نەبونی پەیوەستە بە جوڵەی مرۆڤ و ڕەوڕەوەی ژیان. هەروەك پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەسەر هەمان ناوەڕۆك دەفەرموێت: ((أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ

مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ))[٧] واتا: ئاگاداربن هەموتان شوان و بەرپرسن، هەموشتان بەرپرسیارن بەرانبەر ئەرکەکانتان، لەسەر بەجێهانی ئەرک و بەرپرسیارییەکانیشتان لێپێچینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، بەرپرسی وڵات شوان و بەرپرسە بەرانبەر ژێر دەست و هاووڵاتییەکانی، لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانیشی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەک ژن و پیاویش هەر یەکەیان بەپێی ئەرک و پێگەکانیان بەرپرسیارن، هەروەها هەر کەس و گروپێک بە پێی ئەرک و کارەکاتیان شوان و بەرپرسیارن.

دوای چنینی ئەم پێشەکییە کورتە لەسەر دیاردەی بەرپرسارییەتی؛ دەگەڕێینەوە سەر شیکردنەوەی بەیتە شیعرییەکەی سەرەوە و لەسەر هەردو خەسڵەت و سیفاتی ئاماژەبۆکراوەی سەرەوە دەوەستین و شییاندەکەینەوە؛ قانیع دەڵێت:

**دڵی ڕەحەت بێ، کە چووە سەر کورسی**

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم بەیتەدا زۆر زیرەکانە دەچێتە نێو بابەتەکە و بابەتێکی ئێجگار هەستیار دەجوڵێنێت و باس لە ئاسودەیی و ڕاحەتی گیانی بابای کەسی بەرپرس دەکات، پێیوایە؛ ئەستەمە بەرپرس بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ئاسودەیی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، جێبەجێ بکات، هەروەک ناری شاعیریش دەڵێت:

**بە میزانی شەریعەت صەعبە...ناری**

**موداراکە لە بەینی دوو هەوێ دا ناری**

بەپێی دیدی قانیع: بەرپرسارییەتی ڕاسپاردن و هەڵگرتنی بارێکی قورس و هەڵنەگیراوە! نەک پاداشتکردن و خۆشژیان و خۆدەوڵەمەندکردن!

ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی تاکی بەرپرس لە هەر پێگەییێکدا بێت، بریتییە لە خزمەتکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ژێردەستەکانی، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە؛ ئایا هەمو بەرپرسێک خزمەتکار و سەرڕاستە لەگەڵ پەیام و ئەرکەکەی؟ بەدڵنیاییەوە هەمویان وەکیەک نین و هەموشیان لەگەڵ ژێردەستەکانیان و پەیام و ئەرکی پێگەکەیان، ڕاستگۆ و بە ئەمەک نین! دوبارە پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە؛ بۆچی هەندێکیان دەبنە خزمەتکار و مشورخۆری گروپ و کۆمەڵەکەیان، هەندێکیشیان دەبنە مۆتەکە و نەهامەتی گەل و نەتەوەکەیان؟!

بە دیدی بەندە؛ ئەم جیاوازییەی لە دەرەنجام و ئەنجامی کەسانی بەرپرسدا دەبینرێت؛ دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی خودی بابای بەرپس بە گیانی بەرپرسارییەتی (الشعور بالمسؤلية) هەرکەس و بەرپرسێک هەستی بە پەیام و ئەرکی پێگەکەی کرد، بەدڵناییەوە ئەم هەستە دەبێتە پاڵهێزێک و کەسی بەرپرس بەرەو خزمەتکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی مافی ژێردەستەکانی، ئاراستە دەکات، بە پێچەوانەشەوە؛ هەستنەکردنی بە گیانی بەرپرسارییەتی (الشعور بالمسؤلية) دەبێتە هۆی تەنبەڵی و مشەخۆری و مفتەخۆری کەسی بەرپرس و بەهەدەرچونی ماف و دەستەبەرییەکانی هاووڵاتیان و کەسانی ژێردەست.

قانیع ئاسا: ئاسودەیی و هەستکردن بە بەرپرسارییەتی، دو بابەتی دژبەیەکن و بەیەکەوە کۆنابنەوە؛ بەرپرسی خزمەتگوزار، ئاسودەیی خۆی و ماڵ و منداڵ و نزیکەکانی دەکاتە قوربانی باش بەڕێوەچونی کار و

ئەرکەکانی سەرشانی! بە پێچەوانەشەوە بەرپرسی نابەرپرس، ماف و ئاسودەیی خەڵک و هاوولاتییەکانی، دەخاتە خزمەت خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی خۆیی و خانەوادە و نزیکەکانی!

دوبارەی دەکەمەوە، بەدید و تێڕوانینی بەندە، کەس و سەرکردەیەک چاوی لە خزمەت و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەی بێت، هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێت بەڕاحەتی و ئاسودەیی سەربخاتە سەر سەرین و ناشتوانێت تەنها قومێک ئاو و تیکەیێک نان بە ڕەوانی بخوات، بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێک، چاوی لە ئاسودەیی خۆی و بنەماڵەکەی بێت، هەرگیزاو هەرگیز نابێتە سەرکردەیەکی خزمەتگوزار، چونکە وەک لەسەرەوە باسمانکرد، ئەم دوانە (مەحوی ئاسا) (مانع الجمع)ن.

شاعیر لە نیوەدێڕی دوەمی بەیتەکەشدا دەڵێت:

**ئیتر نەنواڕێ بۆ حاڵی برسی**

واتاکەی زۆر ڕونە و پێویست بەڕاڤە و شیکارکردن ناکات، تەنها ئەوەندە دوپات دەکەمەوە؛ کە هۆکاری سەرەکی پشت ئەو بێباکییەی هەندێک بەرپرسی نابەرپرس؛ هەستنەکردنیانە بەگیانی بەرپرسارییەتی و ئەرک و پەیامی سەر شانیان، کە لەسەرەوە، بەدرێژی لەسەر ئەم بابەتە وەستاین. لە نیوەدێڕی سێیەمیشدا دەڵێت:

**تەماشای خەڵک کا بە زەرد و سی**

شاعیر لەم نیوەدێڕەشدا باس لە ڕەوشت و ئاكارێكی بەرزی مرۆیی دەكات، كە پێویستە لە هەمو مرۆڤێكدا هەبێت و نەبونیشی نائاكاری و نارەندی مرۆڤ دەسەلمێنێت، بەڵام هەبونی ئەم ڕەوشت و ئاكارە بەرزە، لە كەسی بەرپرس جوانتر و پێویست ترە تاوەكو كەسی ئاسایی، نەبونیشی، بەهەمانشێوە ناپەسەندتر و دزێوترە لە نەبونی لە كەسێكی ئاساییدا، ئەویش بریتییە لە دانانی ڕێز و شكۆ بۆ كەسی بەرانبەر و بەكەم سەیرنەكردنی دەوروبەر.

خودای گەورەش لەم سۆنگەیەوە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)

خوای گەورە لەم ئایەتەدا، كۆمەڵێك بنەما و ئاكاری كۆمەڵایەتی داناوە بۆ مامەڵەكردنی ئادەمیزادەكان لەنێوان خۆیاندا و هەمو بەكەمسەیركردنێك و بەكەمزانینێك حەرام و یاساغ دەكات و فەرمانیش بە بڕواداران دەكات بە سوكی و لۆمە و لەقەب و شۆرەتی سوكناو ناوی یەكتر، نەبەن. دواتر قانیع لە نیوەدێڕی چوارەمدا دەڵێت:

**ئەبێ ئەو دڵە بۆ لێی بپرسی**

ناوەڕۆكی نیوەدێڕەكە و شێوازی نوسینی: تورەیی و پەستی شاعیر دەسەلمێنن لەو بەرپرس و سەركردانەی خزمەتكاری هاووڵاتی و نیشتیمانەكەی خۆیان نین و بەسەرسوڕمانەیشەوە دەڵێت: بۆچی و بە چ پاساوێك، دەبێت لەم جۆرە كەسانە بپرسی؟! ئەمەش بە دیدی بەندە سەلمێنەری بە (هیچدانەنان)ی شاعیرە بۆ ئەم جۆرە كەسانە و پێیوایە؛ كەڵك و سودی كەسیان پێوە نییە و **یارەببی هەر ئاوارەبن و بە تیغی دوژمن پارەپارەبن!**

لە کۆتایی ئەم باسەشدا؛ وەک پاڵپشتییەک بۆ تێزەکەی قانیع، ئاماژە بە بۆچونێکی هاوشێوە دەکەم، کە (ئیبن خەلدون) دەڵێت: سێ دیاردەی دزێو و ناشیرین ڕەوتی حوکمڕانی وڵات لەبار دەبەن و بەرەو هەڵدێری دەبەن، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

* تاکڕەوی کەسی بەرپرس و سیستەمی سیاسی.

خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی دونیایی بەرپرسان.

* ملکەچی و سەرنەویکردنی هاووڵاتیان بۆ بێگانە. (عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون ٢٠١٩).

## ٦/٢) هاوسەنگی کۆمەڵایەتی:

**دڵی من و تۆ بکا لەل برای**
**هەر چی خۆت خە یتە ژێر سایەو پە نای**
**بێزت لێ بکا و بلێ تۆ گە دای**
**من دەولەمە ندم تۆ کەی ئاشنای**
**یاخوا ئەو دلە هەر ئاوارە بێ**
**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

قانیع هەر لەمیانەی ئەم بەیتەدا دەچێتە سەر وروژاندنی بابەتێکی قوڵی فەلسەفی مێژویی، کە ئەویش بریتییە لە جیاوازی چینایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەپێی دیدی کارڵ مارکس بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا بەسەر دو بەرەی سەرەکیدا دابەش دەبێت؛ بەرەی ستەمکار، کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن، بەرەی دوەمیش بەرەی ستەملێکراوانن، کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، مارکس پێیوایە؛ ئەم دو بەرەیە بەردەوام لە بازنەی ململانێدان و بەردەوامیش دەبێت، چونکە خودی ململانێیەکە لەسەر هۆکار و سەرچاوەکانی وەبەرهێنانە.(اریک أولن رایت١٩)

بەگەڕانەوە بۆ دید و هزری قانیع، دەگەینە ئەو ئەنجامەی؛ کە قانیع لە هۆنینەوەی ئەم بەیتەدا تەواو کاریگەربوە بەبیری مارکسییەت، هەروەها هەمان کاریگەری بەسەر پێژەری دەقەکە لەم بەیتەیەی خوارەوە هەستپێدەکرێت، کە دەڵێت:

**دڵی بچێتە سەر شەربەتی ئاڵ**
**بە بیر یا نەیەت خەم دراوسێ مال**
**ئەو شە ربە ت بخواو منیش ئاوی کاڵ**
**ئەو گەنم بخواو منیش گالی تال**
**یاخوا ئەو دلە هەر ئاوارە بێ**
**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

شاعیر لە میانەی ئەم بەیتەدا، زۆر بەڕونی ئاماژە هزری و سیاسی و ئاکارییەکانی خۆی دەخاتەڕو، شاعیر بەسەرسوڕمانەوە قسە لەسەر جیاوازییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دەکات و

دەشــپرسـێت؛ بۆچی یەکێ ئاسـودە و یەکێکی تر دەردەدار؟! بۆچی یەکێ پۆشـتە و پەرداخ و ئەویتر ڕوت و ڕەجاڵ؟! بۆچی یەکێ لە بەهەشت و یەکێ لە دۆزەخ؟ کورت پوخت قانیع لەم دەقە و بەیتەی سەرەوە و دەیانی تر لە دەقە شیعرییەکانیدا، تەواو کاریگەربوە بە فەلسەفەی مارکسییەت و پێوابوە، کە دادپەروەری ڕاستەقینە، کاتێک بەدیدێت، کە هەمو مرۆڤەکان بە یەکسانی سود لەسەرچاوەکانی ژیان ببینن و هەمو خاوەندارییەتێکی تاکیش ڕەتدەکاتەوە.

## ٧/٢) خاکیبون و سادەیی مرۆڤ:

قانیع لە نیودێڕی بەیتێکدا دەڵێت:

**لە بەر فیز کردن هیچ کەس نە ناسێ**

هەروەها دواتر دەڵێت:

**نە بیسێ ناڵەی کوێرو کەسا سێ**
**توخوا ئەو دڵە بۆ هەر نەماسێ**
**یاخوا ئەو دڵە هەر ئاوارە بێ**
**بەتیغی دوژمن پارە پارە بێ**

شـــاعیر لە نیوەدێڕی ســـەرەتادا باس لە دیاردەیەکی دزێوی مرۆڤ دەکات، کە ئەویش بریتییە لە خۆبەزۆرزانین و بەکەمزانینی خەڵک، بە واتای پێچەوانەش؛ وەسفی ئاکارێکی بەرزی مرۆیی دەکات، کە ئەویش بریتییە لە ســادەیی و خاکیبونی مرۆڤ، ئەگەر ســادەیی مرۆڤ بە (التواضـع)ی عەرەبی لێکبدەینەوە، ئەوە لە ئەدەبییاتی عەرەبی و پاشـخانی ئیسـلامی زۆر قسـە و وتەی جوان لەبارەی چەمکی (التواضـع)ەوە گوتراوە، بە زۆر شێوە و دەربڕینی جیاوازیش پێناسەکراوە.

گوتراوە: (التواضع) بریتییە لە وەرگرتنی حەق و ڕاستی، با خاوەنەکەی منداڵیش بێت.(مجدي فتحی السيد١٤١٠هـ-١٩٩٠: ٩) کەسی سادە و خۆبەکەمزان هەمیشە مرۆڤێکی کراوە و پارێزەی مافەکانی دەوروبەرە!

بەپێچەوانەشـــەوە کەســی خۆبەزۆرزان، ســـەرکێش و مافی کەسـانی دەوروبەریش پێشـێل دەکات! خودای گەورەش لە فەزڵ و چاکەی (التواضـــع)دا دەفەرموێت: (وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُـــونَ عَلَى الأرض هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الجاهلون قَالُواْ سَـلاَماً) سـورەتی (الفرقان٦٣) واتا: بەندە ڕاسـتەقینەکانی خودا بەنەرمونیانی بەسـەر زەویدا دەڕۆن و کاتێکیش لەگەڵ نەزانان ڕوبەڕودەبنەوە، بەباشترین شێوە مامەڵە دەکەن.

هەروەها پێغەمبەری ئیسلامیش(د.خ) لە بارەی بەرزی ئاکاری (التواضع)دا دەفەرموێت: (ما نقص مال من صدقة، وما زاد الله رجلاً بعفو إلا عزاً، وما من أحد تواضع لله إلا رفعه الله) [vi] واتا: هیچ ماڵ و سەروەت و سامانێک بە بەخشین کەم ناکات، بەخشین و لێبوردەیش شکۆ دەدەنە خاوەنەکەی، کەسی سادە وخۆبەکەمزانیش، بە تێڕوانینی خەڵک و دەوروبەر گەورە و شکۆدارە.

لە کلتوری کوردەواریشـــدا ســـادەیی ســـیفەتی گەورە پیاوان و مێرخاســـانە و خۆبەزلزانین و لێدانی فیزیش ســـیفەتی هەرزە پیاوانە دوای چنینی ئەم پێشـــەکییە کورتە لەســـەر ســـادەیی و خاکیبونی مرۆڤ، دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی دێڕە شیعرەکانی سەرەوە و چۆنییەتی هۆنینەوەیان و خاڵ بخەینە سەر پیتەکان و ئامانجەکانی شـــاعیر بخەینەڕو، دوای ئەوەی شـــاعیر بە تەوســـەوە ڕەخنە لە بابای خۆبەزۆرزان دەگرێت و دەڵێت: **(لەبەر فیزکردن هیچ کەس نەناسـێ)** ڕاســـتەوخۆ دەچێتە ســـەر خســـتنەڕوی ســـیفەتێکی تری دزێوی مرۆڤ، کە ئەویش بریتییە لە گوێنەدان بە ئازار و نەخۆشییەکانی خەڵک و لەم بارەیەشەوە دەڵێت:

**نە بیسێ ناڵەی کوێرو کەسا سێ**

**توخوا ئەو دڵە بۆ هەر نەماسێ**

دەمەوێت بڵێم: هێنان و ڕیزکردنی ئەو دو ســـیفەتە بە دوای یەکتردا، بێهۆ نییە، بەڵکو وردەکاری و هونەری (هۆنەر) دەســـەلمێنن، شـــاعیر بەم ئاماژەکردنە دەیەوێت پێمان بڵێت، کە کەســـی خۆبەزلزان؛ توانای بینین و بیستنی ئاهونزولەی دەردەرانی نییە، بە پێچەوانەشەوە کەسی سادە و خاکی هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی خەڵکدا دەژیت.

### ٨/٢) خودپەرستی

قانیع دەڵێت:

**دڵی ڕازی بێ بە کزی یاران**

**هەر خۆپارێزێ لە دەستەی دەوران**

**جاری بۆ هیچ کەس نەیە تە گریان**

**بۆیان نەقرچێ و نەبێ بە بریان**

**یاخوا ئەو دلە هەر ئاوارە بێ**

**بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ**

شـــاعیر لەم بەیتەدا، هەمو بەها و ئاکارەکانی پێشـــو دوپاتدەکاتەوە و وردتریش دەچێتە ســـەر (دیاردەی خودپەرستی مرۆڤ) و بەرەفتارێکی ناپەسەندی هەژماردەکات و لە بەرانبەریشدا داکۆکی لە گیانی هاریکاری و هاوئاهەنگی دەکاتەوە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا دەڵێت: کەســـێک ڕازی بێت، شـــاهیدی کزی و کلۆڵی دۆســـت و یارانی بێت و هەوڵی یارمەتیشـــیان نەدات، هەروەها لە دێڕی دوەمیشـــدا دەڵێت: **(هەر خۆپارێزێ لە دەســـتەی دەوران)**.

لێرەشدا قانیع زیاتر دیاردەکە شیدەکاتەوە و سیفاتەکانی کەسی خۆپەرستی کەسنەویست دەخاتەڕو، دەڵێت: ئەو جۆرە کەســـانە جگەلە خۆیان هیچ کەس نابینن و هەمو هەوڵێکیشـــیان هەر بۆ خۆیانە، بەداخەوە کەسی خۆپەرست کەڵکی کەسی پێوە نییە و وەک داری بێبەر و بێ سێبەرە، کە نەبەری هەیە و نە سێبەر! هەروەها قانیع لەسەر هەمان بابەت لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**دڵێ نەسوتێ بە ئەحوالی من**

**هیچ فەرقی نە خا چ دۆس چ دوژمن**

**با هەر گێژ بخوا لە دەریای بێ بن**

**ڕەبی ئەو دڵە داڕزێ کون کون**

**یاخوا ئەو دلە هەر ئاوارە بێ**

**بە تیغی دوژم پارە پارە بێ**

شاعیر لە تەواوی بەیتەکەدا سەرنجی لەسەر خوپەرستی مرۆڤ چڕکردۆتەوە و بە نەنگی دەزانێت؛ کە هەر بۆ خۆیی و ئارەزوەکانی بژییێت.

لەم سۆنگەیەشەوە دەمەوێت ئاماژە بە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خودا (د.خ) بکەم، کە دەفەرموێت: (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه) رواه البخاري ومسلم.

واتا: هیچ کەسێ بڕوای تەواو نابێت، تا وەکو ئەوەی بۆ خۆی پێیخۆشە، بۆ براکەشێ پێیخۆش نەبێت.

## ٩/٢) فەلسەفەی ئامراز و ئامانج

قانیع لهدو نیودێڕی کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**دڵێ تێکوشی بۆ ماڵی دنیا**

**کەس نەگرێتە خۆی بە تاقی تەنیا**

قانیع لەم دو نیوەدێڕەدا لەســـەر دو بابەتی پەیوەندیدار دەدوێت، ئێمەش هەوڵ دەدەین؛ بەکورتی هەردوکیان بخەینەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

### یەکەم: کارکردن و هەوڵدان:

یەکێک لە ئامانجەکانی دروسـتبونی مرۆڤ، ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا و جیهانە، ئاوەدانکردنەوەش بەبێ کار و هەوڵدان نایێتە بەرهەم، هەروەک خودای گەورە دەفەرموێت:

(وَأَن لَّيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى) سـورەتی (النجم٣٩). واتا: مرۆڤ هیچ شـتێک بەدەسـتناهێنێت، تەنها ئەوە نەبێت، کە کاری بۆ دەکات. لە کوردەواریشدا گوتراوە: (دەستی ماندو لەسەر سکی تێرە).

کارکردن لە پاڵ ئەوەی داخوازی خودا و ئایینەکانە، لەهەمان کاتیشـــدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەســـتە بە جوڵە و هەبونی مرۆڤ لەســـەر زەوی، تا مرۆڤ هەبێت، کارکردنیش هەر دەبێت، بەڵام جۆر و شێوازی کارەکە و بەرهەمەکەشی پەیوەستن بە ڕاددەی بەهێزی هزری مرۆڤ، بەڵام پێویستە مرۆڤ بزانێت؛ کـارکردن و هـەوڵـدان، ئـامرازی ئـاوەدانی و بەدەســـتهێنـانی بژێوی ژیـانە، هـەوڵـدان ئـامرازە بۆ بەدیهێنـانی ئامانجێک، بەڵام کاتێک خۆی دەبێتە ئامانج، مرۆڤ دەبێتە بونەوەرێکی تر و توانای بەخشـــین و هـاوکاری نامێنێت.

## دووەم: بەگەڕخستن و سودوەرگرتن لە ماڵی دونیا:

قانیع لە نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت:

**کەسێ نەگرێتە خۆ بە تاقی تەنیا**

بە وردبونەوە لە وشـــە و یەکەکانی دەقە؛ دەردەکەوێت؛ کە شـــاعیر باس لە دەوڵەمەندێکی چروک دەکات، کە ناتوانێت کەس بخاتە ژێر باڵی خۆیی و بیحەوێنێتەوە، هەربۆیەش دوبارە نزا دەکات و دەڵێت یارەبی ئاوارە بێت و بە تێغی دوژمن پارە پارە بێت.

## ئەنجام:

دوای گەشـــتێکی کۆمەڵایەتی بەنێو ژیان و شـــیکردنەوەی شـــیعری (قانیع و دڵی) گەیشـــتینە ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

١ -بەبەراورد بە شـــاعیرانی تر، کەمترین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی (قانیع و وێســـتگەکانی ژیانی و شـیعرەکانی و هزرە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان)ی کراوە، بۆیە پێشـنیاز دەکەم؛ بەشـەکانی زمانی کوردی و لێکۆڵەرەوانی زمانی و وێژەی و کۆمەڵناسی و سیاسی، زیاتر گرنگی بەم کەڵە شاعیرە نەتەوەییە بدەن.

٢ -بەدیدی بەندە و لە میانەی ئەو گەشـــتە خێرایەم، گەیشـــتمە ئەو ئەنجامەی؛ کە شـــاعیر کەســـایەتییەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێر و مرۆڤ دۆستبوە و زۆر دژی ستەم و بێدادی بوە و لەم بوارانەی سەرەوە داهێنانی کردوە.

٣ -مرۆڤدۆستی قانیع لەسێ سەرچاوەی سەرەکی وزە وەرەگرێت:

- ئایینی پیرۆزی و ئیسلام و پاشخانی ئایینی ناوبراو.
- کاریگەربونی بە هزری شیوعییەت و بیردۆزەکانی مارکس و فەلسەفەی مارکسییەت.
- کلتوری جوانی کۆمەڵگای کوردەواری.

٤ -تەواوی دەقە شیعری (قانیع و دڵی) مرۆڤ سەنتەری و مرۆڤ سالاری شاعیر دەسەلمێنێت.

٥-هەمو ئەو دید و بۆچون و شـیکارییانەی لەسـەر شـیعرەکە خراونەتەڕو، زیاتر هەڵدەگرن و پێشـیازدەکەم توێژەرانی تایبەتمەند لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەی زیاتری بۆ بکەن.

٦-بەشـــبەحاڵی خۆشـــم: ئەم توێژینەوە گفتوگۆیەکی ناوەکی خۆم بو، کە لە پەڕاوێزی ماف و داخوازییەکانی خوێندکاران بۆم گەلاڵە بو، ویستیشم دوپاتی پرەنسیپەکانی ژیانم لە بواری خزمەتی هاووڵاتیان و خوێندکاران بکەمەوە.

# The Social Behaviors and Values in the Poetic of (Qani' and his Heart)

**Aram Mohammad Qadir**
Minister of Higher Education and Scientific Research, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.aram.qadr@gmail.com

**Abstract:**

The title of this research is 'the social behaviors and values in the poetic texts of (Qani and his heart)'. The poetic text has become the scope of this investigation; some social behaviors and values have been taken from the content of the text and compared to the sociologists' views and religious texts.

The content of this study works on the highlighting of social behaviors and values and consists of two chapters: the first chapter includes a summary about Qani and his poems; it covers the biography of the poet and detailed explanation of his poems. The second chapter includes some topics under the title of social behaviors and values in the poems of Qani and his heart which are (human socialization, national feeling, the spirit of cooperation among the individuals of society, the behavior of responsibility, social balance, human simplicity, selfishness, and the philosophy of tools and objectives) are discussed and investigated. And finally we have come to the conclusion that Kurdish culture and literature are full of beauty, and can be studied in many different aspects. All the benefited and used references are available.

**Keywords**: Human Socialization, Social balance, Human Simplicity, National Feeling, Poetic Thought, Dismemberment, Justice, and Humanization.

## سەرچاوەكان:

**قورئانی پیرۆز**

**حیکمەت و شــەمزاو**، ســەیران و ســەردار (٢٠٠٥) دیوانی هێمن موکریانی، بڵاوکراوەی کوردســتانی ئازاد، هەولێر.

**حەمە بۆر** (محەمەد مستەفا) (٢٠١٠) دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

**خاڵ**، شێخ موحەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس.

**خەزنەدار**، مارف (٢٠٠٦) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شــەشــەمA، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

**شێخانی**، عەبدولوەهاب (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم چاپخانەی خانی، دهۆک.

**قانیع**، بورهان (٢٠٠٥) دیوانی قانیع، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی پانیز، چاپخانەی دالاهۆ، تاران. ئێران.

**قەرەچەتانی**، کەریم شەریف (٢٠٠٦) سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**مودەریس و مەلا کەریم**، مەلا عەبدولکەریم و محەمەد(١٩٨٤) دیوانی مەحوی، چاپی دوەم، ئۆفسێتی حیسام.

**موکریانی** هەژاری (١٣٦٩) هەنبانە بۆرینە (چاپی یەکەم) چاپخانەی پویا، تاران.

**وەردی**، عەلی (٢٠٢٠) گاتەجاڕی عەقڵی مرۆڤ،فەیسەڵ خەلیل، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

**Makuyi**, Mehemedi, Omerzade…etc(2012) Ferhenga koma kurdyia Kurmanci, wesiner Berhevkar. Tehran.

**ابن خلدون**، العلامة عبدالرحمن بن محمد (١٤٤٠هـــ ٢٠١٩م) ، مقدمة ابن خلدون، الطبعة الأولى تحقيق مصــطفى شــيخ مصــطفى، مؤسسة الرسالة ناشرون.

**البكري و البشير**، عبدالباقي و زهير (٢٠١١)، المدخل لدراسة القانون، المكتبة القانونية، بغداد.

**رايت**، اريك أولن ،مداخل الى التحليل الطبقى، ترجمة:خالد عبدالفتاخ عبدالله، مكتبة الأنجلو المصرية.

**فياض**، الدكتور حسام الدين محمود (٢٠١٨) السوسيولوجيا للجميع، طبعة الأولى، مكتبة النحو علم اجتماع التنويرى .

**كارنغى**، دايل (٢٠١٠) فن التعامل مع الناس، الطبعة الأولى, مكتبة جزيرة الورد.

**مجدي**، فتحى السيد(١٤١٠هـ ١٩٩٠) التواضع، الطبعة الثانية، الدار الصحابة للتراث بطنطا.

## پەراوێزەكان:

[i] مسند أحمد بن حنبل أبو عبدالله الشيباني الوفاة: ٢٤١ ، دار النشر : مؤسسة قرطبة – مصر ، (ج ٢ ص ٤٣) رقم الحديث (٥٠٢٢)، سنن محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني الوفاة: ٢٧٥ ، دار النشر : دار الفكر - بيروت - - ، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي (ج ٢ ص ١٣٣٨) رقم الحديث (٤٠٣٢)، المعجم الأوسط ، أبو القاسم سليمان بن أحمد الطبراني الوفاة: ٣٦٠ ، دار النشر : دار الحرمين - القاهرة - ١٤١٥ ، تحقيق : طارق بن عوض الله بن محمد ,عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني (ج ١ ص ١١٨) رقم الحديث٣٦٨

[ii] صحيح مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري الوفاة: ٢٦١ ، دار النشر : دار إحياء التراث العربي - بيروت، تحقيق : محمد فؤاد عبد الباقي (ج ٤ ص ١٩٩٠) رقم الحديث (٢٥٦٩)، صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان ، محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي البستي الوفاة: ٣٥٤ ، دار النشر : مؤسسة الرسالة - بيروت - ١٤١٤ - ١٩٩٣، الطبعة : الثانية ، تحقيق : شعيب الأرنؤوط (ج ١ ص ٥٠٣) رقم الحديث٢٦٩.

[iii] مسند الإمام أحمد بن حنبل (٤ ص ٢٧٠) رقم الحديث (١٨٣٩٨)، صحيح مسلم ، (ج ٤ ص ١٩٩٩) رقم الحديث ٢٥٨٦

[iv] الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار: أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي الوفاة: ٢٣٥ ، دار النشر : مكتبة الرشد - الرياض - ١٤٠٩ ، الطبعة : الأولى ، تحقيق : كمال يوسف الحوت (ج ٦ ص ١٦٤) رقم الحديث (٣٠٣٥٩)، المستدرك على الصحيحين ، محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري الوفاة: ٤٠٥ هـ ، دار النشر : دار الكتب العلمية - بيروت - ١٤١١هـ - ١٩٩٠م ، الطبعة : الأولى ، تحقيق : مصطفى عبد القادر عطا (ج ٤ ص ١٨٤) رقم الحديث ٧٣٠٧

[v] الجامع الصحيح المختصر – صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي الوفاة: ٢٥٦ ، دار النشر : دار ابن كثير , اليمامة - بيروت - ١٤٠٧ - ١٩٨٧ ، الطبعة : الثالثة ، تحقيق : د. مصطفى ديب البغا (ج ١ ص ٣٠٤) رقم الحديث) ٨٥٣(، صحيح مسلم ، (ج ٣ ص ١٤٥٩) رقم الحديث) ١٨٢٩ .

[vi] مسند الإمام أحمد بن حنبل (ج ٢ ص ٣٨٦) رقم الحديث (٨٩٩٦)، سنن الدارمي: عبدالله بن عبدالرحمن أبو محمد الدارمي الوفاة: ٢٥٥ ، دار النشر : دار الكتاب العربي - بيروت - ١٤٠٧ ، الطبعة : الأولى ، تحقيق : فواز أحمد زمرلي, خالد السبع العلمي (ج ١ ص ٤٨٦) رقم الحديث (١٦٧٦)، صحيح مسلم (ج ٤ ص ٢٠٠١) رقم الحديث (٢٥٨٨) الجامع الصحيح سنن الترمذي ، اسم المؤلف: محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي الوفاة: ٢٧٩ ، دار النشر : دار إحياء التراث العربي - بيروت - - ، تحقيق : أحمد محمد شاكر وآخرون (ج ٤ ص ٣٧٦) رقم الحديث٢٠٢٩